# ئەدەبی بێگانان

## بەشی سێیەم

بەسەرپەرشتی : عەزیز گەردی

٨٠٨٫٨
ك ع‌غ‌ع‌ه
٩٢٨
جامعة صلاح الدين
المكتبة المركزية
القسم ...
تم التسجيل ... ٥٦٠
الطالب ...
تاريخ التسجيل ٥ / ١٢ / ١٩٨٥

# ئەدەبی بێگانە

پەرتوکخانە
College of Education - Soran

کۆمەڵە بەرهەمێکی ئەدەبی‌یە لە ئینگلیزی‌یەوە
کراوە بەکوردی

زانکۆی سۆران
فاکەلتیی ئاداب
کتێبخانەی فاکەلتیی ئاداب
بەشی :
ژمارەی تۆماری کتێب :
بەرواری تۆمار کردنی کتێب : ٣٦٦

بەشی سێ‌یەم

بەسەرپەرشتی

## عەزیز گەردی

چاپخانەی الحوادث
بەغدا ـ ١٩٨٢

# له باتی پێشه‌کی ..!

**خوێنه‌رانی خۆشه‌ویست : ـ**

ئه‌مه سێیه‌مین به شی (ئه‌ده‌بی‌بێگانان)ه‌ پێشکه‌شی ده‌که‌ین‌و له هه‌ر سێ ژماره‌دا به پێی تواناو ده‌ست ڕۆیشتن هه‌وڵمان داوه که چ له هه‌ڵبژاردنی بابه‌ته‌کان بێ ، چ له شێوازی وه‌رگێران بێ ، چ له‌باره‌ی زمان‌و داڕشتنه‌وه بێ ، شتێکی وا پێشکه‌ش بکه‌ین که ئێوه ، ئه‌گه‌ر به ته‌واویش نه‌بێ ، به‌ڵام به‌لانی که‌مه‌وه نه‌ختێ ڕاتان لێ‌بێ‌و ئه‌گه‌ر به‌شتێکی زۆر باشیتی نه‌زانن ، هه‌ر هیچ نه‌بێ به شتێکی خراپ‌و بێ‌سوودی‌ـ تێ نه‌گه‌ن .

له دوو ژماره‌که‌ی پێشوودا هه‌ندێ سه‌رنج‌و تێبینی براده‌رانمان پێ گه‌یشت ، که به‌ڕاستی هه‌وه‌ستمان پێ هات‌و به هه‌ندمان هه‌لگرت‌و له کاتی ئاماده کردنی ئه‌م ژماره‌یه‌و بۆ ژماره‌کانی داشدێن ڕه‌چاویان ده‌که‌ین .

هه‌ڵبه‌ت خوێنه‌ر هه‌ر شتێ بخوێنێته‌وه ڕای خۆی ده‌رهه‌ق هه‌یه‌و ئه‌و ڕایه‌ش ئه‌گه‌ر به نووسه‌ر بگاته‌وه زۆر باشترو به سوودتره بۆ ئه‌وه‌ی له تاقی کردنه‌وه‌ی دادێ که‌لکی لێ‌وه‌ربگرێ ؛ هه‌ر بۆیه‌ش ئێمه چاومان له بیروباوه‌ڕی خوێنه‌رانه به‌رامبه‌ر به‌(ئه‌ده‌بی بێگانان)، بۆ ئه‌وه‌ی بتوانین له‌به‌ر ڕۆشنایی بیروباوه‌ڕو سه‌رنجی ئه‌وانه‌وه‌هه‌وڵ بده‌ین به‌ره به‌ره په‌ره به‌م



CamScanner

پرۆژە بچکۆلانەیە بدەین و بە پێی توانا پێشی بخەین ...

ئەم هەول و تەقەلایەی ئێمە هێشتا ساوایەو پێویستی بە یارمەتی هەموو لایە کە بۆ ئەوەی خۆی بگرێ و خزمەت بکا ، هەر بۆیەشە ، ئێمە کە هەموو توانای خۆمانی لێ خەرج دەکەین ، حەز دەکەین ئێوەش بەش بە حالی خۆتان پشتمان بگرن و ڕێنوێنیمان بکەن .

بەشی یەکەمی (ئەدەبی بێگانان) لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی مووسل ـ بەشی زمانە ئەوروپی یەکان ـ سەری هەلداو هەموو بابەتەکان هی برادەرانی ئەم بەشە بوون ، بەلام بەشی دووەم نەختێ فراوانتربووو پەلی کۆلێژی تر ( کۆلێژی پزیشکی )و زانکۆی تریش ( زانکۆی بەغدا ) هاویشت ، کەچی ئەم ژمارەی سێیەمینە دیسان هەموو بابەتەکانی هی قوتابی یانی زانکۆی مووسل ـ بەشی زمانە ئەوروپایی یەکان ـ .... هەر بۆیەش حەز دەکەین لە ژمارەکانی دادێ ـ ئەگەر بتوانین بەردەوام بین ـ قوتابی زانکۆو کۆلێژەکانی تریش بەشداریمان لەگەلدا بکەن و بەرهەمی خۆیانمان بۆ ڕەوانە بکەن بۆ ئەوەی بتوانین پرۆژەکە فراوانتر بکەین و دەرفەتی بەشداربوون بۆ زۆرترین قوتابی یانی زانکۆکان برەخسێنین . ئیدی بە ئومێدی بەشی تری ( ئەدەبی بێگانان ) و ئومێدی بەشداربوونی برایانی ترو تابەشی چوارەم کە تایبەتی یە بە شیعر هیوای سەرکەوتن و بەردەوامبوونتان بۆ دەخوازین ...

**عەزیز گەردی**
**١٩٨٢**

# دڵێکی بەهێز (١)

نووسینی : ڤاختانگ ئەنانیان
وەرگێڕانی : حەسەن حوسێن

لەگەڵ دەستم نا بە پەلەپیتکەی تاپرەکەم قامیشەکان لەرینەوەو بەشێکی زۆری قازو قوڵینەگەکان لە شەقەی باڵیان‌داو بۆی دەرچوون . مراوی‌یەکانیش لەناو بێشەلانەکەدا کەوتنە خۆشاردنەوە .

سێ باڵندەم پێکا بوو ، لەسەر ڕۆخی دەریاچەکە پەلەقاژەیان بوو ـ یەکێ ڕەنگی خۆڵەمێشی بوو و بە قەد کۆترێك دەبوو ، دوەکەی‌تر بچووکتر بوون‌و ڕەنگیان کاڵتر بوو ، بە تەواوی پەڕوباڵیان ، دەرنەکرد بوو .

یەکێکیان نەمرد بوو ، هەر هێندە بە تەقەی تاپرەکە تاسابوو ، کە هەڵم‌گرتەوە زیندوو بووەوە ، چاوە پڕ ترسەکانی لێك‌کردەوەو بە دەنگێکی کزو لاوازەوە کەوتە جیکەجیك ووڕشەو شەقەی باڵی باڵندەکانی‌تر لە ئاسمان دەتگوت وەڵامی ئەم جیکەجیکەیە . باڵندەیەك بە

---

١ ـ ڤاختانگ ئەنانیان : ڕێگاکانی دەشت ، خانەی بڵاوکردنەوە بە زمانەکانی بیانی ، مۆسکۆ .

Vakhtang Ananyan : The Steep Paths, Foreign Languages Publishing house, Moscow.

نەرمی خۆی بە شانم دادا ، باڵی لە روومەتم خشاندو کەوتە سەر زەوی • لەبەر پێمەوە کەوتە فڕەفڕو زاتی دایە بەر خۆی و ڕایکرد چوو نەختێ لەولاوە لەسەر بەردێک هەڵنیشت و بە غەمگینی کەوتە زیکە زیک • ئەم باڵندەیە قاچ و دەنووکی درێژو بەروباڵی خۆڵەمێشی بوو ، لەوە دەچوو دایکی بێچوە بچووکەکە بێ • لە هەمان کاتیش دا ، بێچوە بچووکەکەی دەســـتم ملی درێژ کردو بە نووزەیەکی بێهێز کەوتە زیکـــەزیک • دایکەکەیشی بە دەنگێکی هێندە بێئومێدەوە بۆی دەســـەندەوە بگرە منیش ، کە ڕاوکەرێکی دڵڕەقم ، زۆر بەزەییم پێدا هاتەوە دەنگی ئەو باڵندە بێچووفەوتاوە خەمو ئازارێکی وای تێدا بوو کە بە هیچ ووشەیەك باس ناکرێ •

لە پشتەوە ترپەی پێیەکم هـــاتە بەرگوێ ، ئاورم دایەوە • بینیم لادێیی یەك بۆ لامەوە دەهات ، شەنەیەکی لەسەر شان بوو هەندێ لکی شکا بوو • لادێییەکە ڕاوەستا ، نەختێ گوێی دایە قیرەی باڵـــندەکەو لێی پرسیم :

«برای شاری ، خۆ بەچکەی ئەم باڵندەیەت نەکوشتوە ؟ ها ؟ »

«چۆنی دەزانی ؟ »

«هەڵبەت بە دەنگییەوە دیارە ، گوێت لێنییە چۆن دەقیرێنێ و دەکروزێتەوە ؟ »

لە تەنیشـــتمنەوە ، لە ســـەر زەوی دانیشـــت و بە پەنجـــە لۆچلۆچەکانی جگەرەیەکی پێچاو بە نەرمی گوتی :

«ئەم باڵندەیە دەمرێ ، لە داخـــان دەمـرێ • بەبێ تاوان لەناو دەچێ • ئەم باڵندەیە هەرگیز بێچوەکانی لەبیر ناچێ ـ دڵی زۆر نەرم و

پڕ بەزەیی‌یە ، دڵی ڕاستەقینەی دایك هەر وا دەبێ .

بە هێمنی فوویەکی لە جگەرەکەی کردو دەستی پێ‌کرد چیرۆکێکی دڵتەزێنی بۆ گێڕامەوە :

« پار ، منو ژنەکەم هاتینە ئێرە ئەو قەسەرە بەینەوە کە پێشتر کۆمان کردبووەوە . پشــــیلەکەمان بە دوامانـدا هات . وەکو هەموو پشیلەکی‌تر وا بوو . ئەو ڕۆژە تا ئێوارێ ڕاوە باڵندەی کرد ، خۆی لەناو قامیشان حەشار دەدا ، لە بەردان خۆی لە پارێز دەنا . ئەنجـام ، بێچوە باڵندەیەکی گرت کە لەبەر کەمتەرخەمی دایکی لە هێلانە هاتبوە دەرێ . دایکی بێچوەکە وەك بەرد لە سەرەوە بۆ پشیلەکە دابەزی‌و باوکیشی قوڕگی گرت‌و خەریك بوو چاوەکانی دەربێنێ . پشیلەکە هێندە تووڕە بوو باڵی بێچوەکەی یێك شکاند . داکانەو بابانە بە شێوەیەکی زۆر ترسناك قیراندیان‌و بە تووڕەیی هێرشیان بۆ پشیلەکە برد . خستیانە ناو ئەم دەریاچەیەو یەکسەر خنکا ـ چووە بەر بارەگای یەزدان‌و بێچوەکەش لەسەر ئاو دەهات‌و دەچوو دەتگوت کوخی سەر ئاوە . »

پیرەمێردەکە بە میهرەبانی زەردە خەنەی هاتێ‌و گوتی :

بەم جۆرە داکەو بابە بێچووی خۆیان ڕزگار کردو لە هەردوو لاوە گرتیان‌و بردیانەوە ناو قامیشان . »

هەڵوەستەیەکی کرد ، مژێکی قووڵی لە جگەرەکەی‌داو پێداچوو گوتی :

« جارێکی‌تر لێرە قەســەرمان دەکرد . کوڕی دراوســێ‌کەمـان بێچوویەکی لەناو قامیشان گرت ، دایکەکەی بە جۆرێکی وا دەگریا هەر وەخت بوو ئێمە هەموومان بۆی بدەینە پرمەی گریان . کە ڕۆژی پاشی هاتینەوە ، دایکە هەر لەوێ بوو ، بە ئاستەم جووکەی تێدا مابوو دەگریاو

دەیلاواندەوە • وەخت بوو دڵمان شەق بەرێ ـ زۆر لە دایکێ دەچوو
کە جگەرگۆشەکەی فەوتابێ • ئەو وەختە سەردەمی شەڕی گەورە بوو ،
نەختێ پێش شۆڕش • زۆربەمان کوڕی ، مێردی ، باوکی •• لەشەڕ
کوژرا بوو • ئەم باڵندەیە شەهیدە ئازیزەکانی دەهێنایەوە یادمان هەر
بۆیەش هەر کەسێ گوێی لە دەنگی بوایە لە پڕمەی گریانی دەدا ••

کە لادێیەکە چیرۆکی بۆ دەگێڕامەوە باڵندەکە لەسەر بەردەکە
هەڵنیشتبوو ، بە هەمان دەردو ئازار دەیقیژاندو دەنووزایەوە •

پرسیم : « باشە ، جا پاشان چی بوو ؟ چی قەوما ؟ » « دوو شەوو
دوو ڕۆژ بەم جۆرە قیژاندیو پاشان خۆی لەم دەریاچەیەدا خنکاند •
بەڵێ ، کاکی شاری ڕەنگە تۆ بڵێی ئەمە باڵندەیەکی زۆر ووردو
بچووکە ، بەڵام سەیرکە دڵێکی چەند گەورەی هەیە • ئەم باڵندەیەش
ناتوانێ بەرگە بگرێ ـ مسۆگەر دەمرێ ••

ماڵاوایم لە لادێیەکە کرد • نێچیرەکەم کرد بە پشتێنمداو بێچوە
زیندوەکەم خستە ناو قەفەزێکو بە کەناری قوماوی دەریاچەکەدا ووردە
ووردە کەوتمە ڕێو باڵندەی دڵسووتاویش بە لاوانەوەو کروزانەوە هەر
بە دوامەوە بوو •

زەردەپەڕ ، کە بەرەو ماڵ دەبوومەوە ، چوومەوە هەمان شوێن بۆ
ئەوەی بزانم باڵندەی دایکانەی جگەرسووتاو چی بەسەر هاتووە •

دەریاچەی چیایی لەبەر تیشکی زەردەپەڕدا بە نەرمی شەپۆلی لە
کەنار دەدا ، باڵندە هەموو لەناو قامیش جریوەجریویان بوو ، بخەون •
وردە وردە دەنگیان کزبوو و نەما ، دەریاچەکەش خۆی بۆ پەنجەی
ناسکی نەسیمی شاخان شل کرد بوو دەیلاواندەوە •

تەنیا دەنگی زولالی پڕ ئازاری باڵندە تاقانەو کلۆلەکە ئەم بێدەنگی یەی دەڕەواندوە • کرووزانەوەی غەمگینو بەسۆزو شلپو هۆڕی شەپۆلی دەریاچەو خشەخشی قامیشەکان لە ناخەوە بزواندمیان •

بە هێواشی چوومە سەر تاشە بەردە زلەکەو بێچوە زیندوەکەم لەناو قەفەز دەرهێناو خستمە بەردەم دایکی یەوەو بۆی دەرچووم •

ئاوڕم دایەوە ، دیم دایکە خۆی لە بێچوەکەی هەڵدەسوێ ، دەنووکی بە پەروباڵی دادەهێنا • بەڵام گۆرانی یە غەمناکەکەی بڕابووەوەو هێمنی ئەویش باڵی بەسەر دەریاو قامیشەکاندا هەڵکێشا بوو •

# هـــاملێت (١)

نووسینی : شەکسپیر
کورت‌کردنەوەی : ه • گ ویات و داڤید فولەرتۆن
وەرگێڕانی : خاتوو هیوا مخمد عمر

هاملێتی شازادەی گەنجی دانیمارك ، کاتی خۆی بەختەوەرترین گەنجی وولات بوو بەڵام تووشی تەنگ‌و چەڵەمەیەکی گەورە بوو • باوکی بە دەردێکی ئاڵۆز مردو ئەویش پەژارەیەکی زۆری بەسەرداهات. وایان لە هاملێت گەیاند گوایا باوکی کە پیاوێکی باش‌و تێگەیشتوو بوو ، پاش نیوەڕۆیەك لەناو باخچە نووستوە ، مار پێیەوە داوەو مردوە • پاش مردنی پاشا زۆری پێ نەچوو کلۆدیۆسی برای پاشا کە دەکاتە مامی هاملێت شاژنی مارە کردەوەو خۆی بوو بە پاشا • هاملێت پێی خۆش نەبوو کە دایکی وا زوو مێرد بکاتەوە • تا زیاتر بیری لەم مەسەلەیە دەکردەوە پەستتر دەبوو تا وای لێ هات وازی لە هەموو گەمەو یاری‌یەك هێنا •

هاملێت مامی خۆش نەدەویست ؛ چونکە باوکی چەند پیاوی چاك

---

The Stories of Shakespear's Plays, Vol. I, London, 1962.
PP. 45—60 .

— چیرۆکی شانۆگەری‌یەکانی شەکسپیر ، بەشی یەکەم ، لەندەن ، ١٩٦٢ ، ل ٤٥ _ ٦٠

بوو ، ئەو مامەی هێندە پیاوی خراپ بوو ، بۆیە پێی ناخۆش بوو کە دایکی مێردی بەو پیاوە کردبووەوە چونکە وەکو هەموو کوڕێك دایکی خۆی خۆش دەویست •

هاملێت وردە وردە گومانی پەیدا کرد داخۆ دەبێ کلۆدیۆس باوکی نەکوشتبێ بۆ ئەوەی خۆی ببێ بە پاشا ؟ دەبێ دایکیشی ئاگاداری ئەم مەسەلەیە نەبێ ؟ – ئەم گومانو لێکدانەوەیە هاملێتی وەك شێت لێ کرد •

پاشاو شاژن هەستیان کرد شازادە ووڕو پەستە بەڵام نەیانزانی کە گومانی ئاوانەکەی لێ کردوون بۆیە هەوڵیان دەدا دڵی بدەنەوە • ڕقیان لەو بەرگە ڕەشە بوو کە هاملێت پاش مەرگی باوکی لەبەری دەکرد چونکە ئەو بەرگە کوشتنی پاشای بە بیر دەهێنانەوە کە نەیاندەویست بە بیریان بێتەوە؛ بەڵام هەر چەندە ئامۆژگارییان دەکرد کە لە جلوبەرگ و هەڵسو کەوتدا شادو خەندان بێ ئەو گوێی پێ نەدەدان • دواجار وای بۆ چوون کە دەبێ هۆی پەستیو غەمگینی هاملێت مەسەلەی دڵداری بێ •

لەم ماوەیەدا بە هاملێتیان ڕاگەیاند گوایە نۆبەتدار سێ شەو لەسەر یەك تارماییەکیان لە پێش کۆشکێدا دیوە ، هۆراشیۆی هاوڕێی دڵسۆزی هاملێتیش دی بووی • تارماییەکە نیوەشەو هاتبوو ، زرێیەکی ئاوادامانی وەکو زرێی پاشای ڕەحمەتی لەبەر بوو و دەموچاویشی هەر لەو دەچوو ، زۆر پەستو عاجز بوو ، کە نۆبەتدار دەنگیان دا هیچ وەڵامی نەدانەوە • یەك جار هات قسە بکا لەو کاتەدا ڕۆژ هەڵاتو تارماییەکە ڕەوییەوە • هاملێت لای نۆبەتداران سۆراغی کردو زانی مەسەلەکە ڕاستە جا بڕیاری دا شەوی دادێ نۆبەت بگرێ بۆ ئەوەی تارماییەکە ببینێ • چونکە ئەگەر بەڕاستی تارمایی باوکی بێ هەڵبەت

بۆ ئـەوە هاتوە شتێکی پێ بڵێ و لەوانەیە گومان و دوودڵی یەکەی نەختێ ڕون بێتەوە •

جا شەوی پاشتر ، هاملێت و هۆراشیۆ و نۆبەتدارێك نیوەشەو لـە پێش کۆشك یەکدیگر بوون • لە دەرەوە دونیا کش و مات بوو کەچی لەناو کۆشکێ پاشاو شاژن خەریکی بـەزم و ڕابـواردن و خواردنەوە بوون • دەنگیان دەگەیشتە لای هاملێت و نۆبەتدارەکان • ئەوان گوێیان لـەم هەراو بەزمە گرتبوو کە کت وپڕ هۆراشیۆ دەستی خستە سەر شانـی هاملێت و چرپاندی یە بناگوێی : « گەورەم سەیر کە ، سەیری کـە وا هات • »

کـە هاملێت بینی تارمایی یەکە زۆر بـە پاشای ڕەحمەتی دەچێ ، لێی پرسی : « هۆ ، کابرا ، کە زۆر بە باوکم دەچی ! ئەم هاتنەت لـە چی یـە ؟ ئایا تـۆ بەڕاستی باوکمی یـان یەکێـکی تری ؟ دەتەوێ مـن چی بکەم ؟ »

تارمایی یەکە ئیشارەتێکی بۆ هاملێت کرد بۆ ئەوەی لە دوو هاوڕێ کەی دوور بکەوێتەوەو شوێنی بکەوێ • هۆراشـیۆ ترسـا نەوەك براددەرەکەی شتێکی بەسەر بێ تکای لێ کرد لە دوو قسەی تارمایی یەکە نەچێ • هەر چەندە هەوڵیان دا بە خورتی بیگێڕنەوە ئەو خۆی ڕاپسکان و ڕۆیشت •

هاملێت چوە دوای تارمایی باوکی ، تارمایی یەکە زوو تێی گەیاند کە کلۆدیۆس کوشتوویەتی و داوای لێ کرد تۆڵەی بۆ بکاتەوە •

ئەوەیشی گوت کە دایکیشی بەشـداری تاوانەکەی کردوە بـەڵام پێی گوت کە دایکی نەکوژێ و لێی بگەڕێ بە دەردی کردەوە ناشـیرین و بەدکارانەکەی بتلێتەوە • پاشا بە هاملێتی گوت کە ئەم داوایەی لە بیـر

نەکات و پاشان بزر بوو ٠

هاملێت گەڕایەوە لای هاوڕێکانی و پەیمانی لێوەرگرتن ئەم نهێنییە لای کەس نەدرکێنن ٠ پاشان گفتوگۆی نێوان خۆی و تارمەییەکەی بۆ هۆراشیۆ گێڕایەوەو بڕیاری دا لەوە بە دواوە خۆی شێت بکا بۆ ئەوەی مامی هیچ گومانی لێ نەکا ٠ بەڵام هۆراشیۆی لەم پلانە ئاگادار کردەوە ٠

بەم جۆرە گفتارو ڕەفتاری هاملێت گۆڕا بەتایبەتی ئەو کاتەی کە لەلای پاشاو شاژن بوو ٠ چەند حەفتەیەك بەسەر مردنی پاشادا تێپەڕی و شازادە هیچ نیشانەی چاك بوونەوەی لێ دەرنەکەوت بگرە ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبوو ، مامی و دایکیشی نەیاندەزانی مەسەلە چییە ! هێشتا نەیاندەزانی هاملێت لێیان کەوتۆتە گومان وا تێ دەگەیشتن مێشکی بە شتێکی ترەوە خەریکە نەك مردنی باوکی ٠ پاش لێکدانەوەیەکی زۆر بەلای خۆیانەوە ، گەیشتنە هۆیەکی ماقووڵی ئەم شێتییە :

پیرەمێردێکی ژیرو دونیادیتە لە کۆشکی پاشادا هەبوو ، ناوی پۆلۆنیوس بوو ، پۆلۆنیوس کچێکی جوانی هەبوو ناوی ئۆفیلیا بوو ، وەختی خۆی هاملێت حەزی لێ دەکرد ٠ پۆلۆنیوس هەر بە تەما بوو هاملێت ئۆفیلیا بخوازێ بەڵام دڵنیا نەبوو داخۆ هاملێت بە ڕاستی حەز لە ئۆفیلیا دەکا ٠ پۆلۆنیوس زۆر زیرەك بوو بە ئۆفیلیای گوت ماوەیەك خۆی لە هاملێت بگرێ بۆ ئەوەی زیاتری خۆش بوێ ٠

ئۆفیلیا کچێکی گوێڕایەڵ بوو ، تەگبیری باوکی بە دڵ بوو ، بۆیە چی پێ گوتبو ، وای کرد ٠ ئەنجام بە دڵی پۆلۆنیوس کەوتەوە ٠ زۆری پێ نەچوو کچەکەی بۆی گێڕایەوە کە هاملێت بە بەرگێکی خراپ و بە

ڕوویەکی غەمگینەوە هاتۆتە زوانی • پۆلۆنیوس یەکسەر بیری کردەوە کە هاملێت بۆیە پەستە چونکە ئۆفیلیا حەزی لێناکا ، دڵنیا بوو کە هۆی شێتاتی یەکەیشی هەر ئەمەیە • جا بە ئۆفیلیای گوت : « کچم ، مادام کە تۆ لەگەڵی ساردتر بوی ئەو شێتتر بوو دیارە ئەشقی تۆ بوە • ئیدی چوە لای پاشاو شاژنو مەسەلەکەی بۆ باس کردنو بە تەما بۆ شازادەو ئۆفیلیا پێك شاد بکەن بۆ ئەوەی بەڵکو هاملێت چاك بێتەوە •

بەڵام هاملێت بیری هەر لای داخوازی تارمایی باوکی بوو ، نەیدەزانی چۆن تۆڵەی باوکی بکاتەوە • ڕۆژێ نامەیەکی دڵداری سەیری بۆ ئۆفیلیا نووسی ، ئەویش نامەکەی بە باوکی پێشانداو باوکیشی نامەکەی بۆ پاشاو شاژن خوێندەوەو ئەوانیش دڵنیابوون کە ئەمەیە هۆی شێتی هاملێت ، بەڵام سەهوو بوون ، هاملێتی کڵۆل هێشتا هەر پەست بوو ، دڵنیا نەبوو داخۆ مەسەلەی تارمایەکە ڕاستە ! ئەگەر ڕاستیش بێ چۆن بتوانێ زڕباوکی بکوژێ • سەرزەنشتی خۆی دەکرد کە ترسنۆکەو زوو تۆڵەی باوکی ناکاتەوە بەڵام بیری کردەوە چۆن بزانێ داخۆ ئەو تارمایی یەی دیویە تارمایی ڕاستەقینەی باوکی بوە ؟ بۆی هەیە شەیتان بێو بە نیازی پیس چووبێتە سەر شکلی باوکی • جگە لەمەش پاشا کوشتن زەحمەتە ، هەمیشە پاسەوانی لە کنە ، شاژنیش قەت لێی جودانابێتەوە • هاملێت لەبەر ئەم لێکدانەوانە هەراسان بوو ، ژیانی لا بێزار بوو • بڕیاری دا مەسەلەکە ساغ بکاتەوە - بزانێ داخۆ بە ڕاستی پاشاو شاژن تەگبیری کوشتنی باوکیان داناوە ؟ •

بەڕێکەوت ، تیپێکی شانۆیی گەڕیدە هاتنە کۆشكو ویستیان شانۆگەری لە بارەگای پاشا پێشکەش بکەن • هاملێت پێشتر تیپەکەی دی بوو ، دەیزانی شانۆگەری یەکیان باسی کوشتنی پاشایەكو دەردو مەینەتی

شاژنەکەی دەکات ••• لە دڵی خۆیدا گوتی : « ئێستا بۆم دەردەکەوێ داخۆ پاشاو شاژن تاوانبارن یان نا ؟ »

هاملێت ئەکتەرێکی جودا کردەوەو لێی‌پرسی داخۆ شانۆگەری ( کوشتنی گۆنزاگۆ ) دەزانن ؟ ـ لەم شانۆگەرییەدا ، گۆنزاگۆ لەناو باخچەی خۆی نووستوەو لە خەودا خزمێکی ژەهری دەداتێو پاشان بێوەژنەکەی بۆ خۆی دێنێ ـ ئەکتەرەکە گوتی ئەم شانۆگەرییە دەزانینو ئەگەر حەز بکەی پێشکەشی دەکەین • هەملێت گوتی : « سبەی شەو ئەم شانۆگەرییە بۆ پاشاو شاژن پێشکەش بکەن بەڵام حەز دەکەم چەند قسەیەکی منیشی تێ‌بکەن ••• »

بەم جۆرە هاملێت شانۆگەرییەکەی نەختێ دەستکاری کردو وەکو چیرۆکی کوژرانی باوکی لێ‌هات ، لە دڵی خۆیدا گوتی : « جا ئێستا ئەگەر پاشاو شاژن بەڕاستی دەستیان لە کوشتنی باوکمدا هەبێ ، کە چاویان بەم شانۆگەرییە بکەوێ دەشلەژێن جا کلۆدیۆس و شاژنی داوەت کرد بۆ ئەوەی ئێوارەی پاشی بچنە تەماشای شانۆگەرییەکە ، هەڵبەت پێی‌نەگوتبون شانۆگەرییەکە باسی چییەو ئەوانیش پێیان خۆش بوو بچن چونکە گوتیان دیارە شازادە شێتاتی بەری داوەو چاك بۆتەوە •

پێش ئەوەی شانۆگەرییەکە دەست پێ‌بکا ، هاملێت چوە لای هۆراشیۆی هاورێیو مەسەلەکەی تێ‌گەیاندو داوای لێ‌کرد کە لە نزیکەوە چاو ببڕێتە پاشاو شاژن ، گوتی : « ئەگەر دیمەنەکە نەیانبزوێنێ دیارە تارماییەکە باوکم نەبووەو بەلاش کلۆدیۆس بە تاوانبار تێ‌گەیبوم • »

کە کاتی خۆی هات ، تیپەکە چوونە سەر شانۆ ، هاملێتو هۆراشیۆ ، لە تاریکایی ، لە قوژبنێك ، دانیشتن کە پاشایان لێ‌دیار بوو

بەڵام پاشا ئەوانی نەدەدی •

لە سەرەتای شانۆگەرییەکە گۆنزاگۆو ژنەکەی پێکەوە قسەیان دەکردو ژنە پەیمانی بە مێردی دا کە پاش مەرگی مێردی قەتاوقەت مێرد نەکاتەوە • گوتی : « تەنیا ئەو ژنەی مێردی خۆی بکوژێ ، مێرد دەکاتەوە • » لەگەڵ ئەم قسەیەدا هاملێت هەستی کرد دایکی رەنگی سپی هەڵگەڕا •

لە دیمەنی دووەمدا ، ( گۆنزاگۆ لە باخچەی خۆی نوستبوو ، بە بە کپی کابرایەك هات و ژەهری لە ناو گوێی کرد ) پاشای تاوانبار کە ئەمەی دی تەواو تێکچوو • هاملێت چوو شانۆگەرییەکەی بۆ لێکدایەوە ، گوتی « بۆیە ژەهر لە گوێی گۆنزاگۆ دەکا تا موڵك و سامانەکەی بۆ خۆی ببا • »

لە دیمەنی سێیەمدا ، ( ژنی گۆنزاگۆ حەز لە هەمان کابرای تاوانبار دەکا • ) لەگەڵ ئەم دیمەنەدا ، کلۆدیۆس زەندەقی چوو • خێرا هەستا بەخۆو بە شاژن لە زوورەوە دەرپەڕینە دەرێ • ئەو خەڵکەی ئەوێ هەموو سەرسام بوون ، گوتیان دەبێ پاشاو شاژن بۆ وایان کرد بێ • بەڵام هاملێت و هۆراشیۆ کە ئەمەیان دی ، دڵنیا بوون تارمایییەکە ڕاستی گوتوەو پاشا کوژراوە • جا هاملێت بە ئەرکی سەرشانی خۆی زانی کە تۆڵەی باوکی بکاتەوە • لەو کاتەدا ، قاسیدی شاژن هات ، گوتی شاژن دەیەوێ هەر ئێستاو بە تەنێ قسەیەك لەگەڵ هاملێت بکا •

کلۆدیۆس پاشا ، ( گێرترود )ی شاژنی ڕازی کرد بوو بنێرێتە شوێن هاملێت بۆ ئەوەی بزانێ شازادە چ لە مەسەلەی کوشتنەکە دەزانێ • پاشا ، دوای شانۆگەرییەکە هەستی کرد بوو تاوانێکی چەند گەورەی کردوەو کڕنۆشی بردبوو ، نوێژی دەکردو دەپاڕایەوە • هاملێت کە بۆ

ژووری شاژن دەچوو ، پاشای بەم جۆرە دی ، ئەو وەختە زۆر بە ئاسانی دەیتوانی تۆڵەی باوکی بکاتەوە ، بەڵام لەگەڵ ئەمەش‌دا بیری کردەوە : « وا چاکە ، کە سەرخۆش بوو ، یان تووڕە بوو ، یان کە لەناو جێ بوو ئەو کاتە بیکوژم • نابێ لە حاڵی نوێژو کڕنۆش‌بردن‌دا بیکوژم • »

لەولاوەش ، شاژن کە چاوەڕێی کوڕەکەی بوو ، پۆلۆنیوسی پیری لە پەنجەرە ، لە پەنا پەردە ، شاردبووەوە بۆ ئەوەی گوێی لە قسەکانی هاملێت بێ • کە هاملێت چوە ژورەوە ، شاژن سەرزەنشتی کردو گوتی : « تۆ باوکتت زۆر تووڕە کردوە ! » هاملێت وای زانی مەبەستی باوکی ڕاستەقینەیەتی ؛ زۆر بە تووڕەیی وەڵامی دایەوە : « نەخێر ، دایە ، تۆ باوکمت تووڕە کردوە • » شاژن گوتی • « کوڕم، وەڵامەکەت زۆر گێلانەیە • » هاملێت وەڵامی دایەوە : « وەڵامی منیش لە پرسیاری تۆ دەوەشێتەوە • »

هاملێت بڕیاری دا بوو دایکی نەکوژێ بەڵام وای لێبکا پێ لە تاوانەکەی بنێ ؛ بۆیە توند مەچەکی گرت تا دایبنێ شاژن ترساو هاواری کرد : « ئەوە چی‌یە ؟ دەمکوژی ! هاوارە ! هاوارە ! »

ئەو پیرەمێردەی خۆی لە پەنا پەردە حەشاردا بوو ، وای زانی هاملێت دایکی دەکوژێ ، هەترەشی ڕژا ، لە باتی ئەوەی فریای شاژن بکەوێ ، لە جێی خۆی هاواری کرد : « هاوارە ! هاوارە ! هاوارە !» هاملێت وای زانی ئەمە پاشایە • شیرێکی داوەشاندە پەردەو پۆلۆنیوسی کوشت • شاژن هاواری کرد : « ئای چ تاوانێکی زل‌و گەورەت کرد !» هاملێت وەڵامی دایەوە : « دایە ، تاوانی منیش وەکو ئەوە وایە پاشا بکوژی‌و مێرد بە برای بکەیتەوە ! »

هاملێت لە تووڕەیی‌یان بە دایکی گوت کە زۆر دڵڕەقەو ئەوەی بە چاوی دادایەوە کە چەند بێ ئەمەکەو چەند زوو مێردی وەفاداری ڕەحمەتی لە بیر کرد‌و مێردی بە شووبرای تاوانبارو زەلامکوژی کردەوە • مێردی ئیستای لەگەڵ مێردی پێشووی بەراورد کردو پێی گوت کە مێردی پێشووی چەند خانەدان‌و سەربەرزو بە شەرەف بوو و مێردی ئیستای چەند بەدکارو بێ ئەمەك‌و ناپیاوە • لۆمەی کرد کە چۆن مێردی پێشووی بەمە گۆڕی‌یەوە ؟

لەگەڵ ئەم قسانەدا ، شاژن لە خۆی تەریق بووەوەو داوای لە هاملێت کرد چیتر قسە نەکا ، بەڵام هاملێت داوای لێ کرد کە واز لەم مێردەی بێنێ • کت‌وپڕ تارمایی پاشا دەرکەوتەوە ، شاژن نەیبینی ؛ بۆیە وایزانی هاملێت شێت بۆتەوە • تارمایەکە بە هاملێتی گوت واز لە دایکی بێنێ‌و بچێ تۆڵە لە تاوانباری ڕاستی بکاتەوە • ئەمەی گوت‌و بزر بوو •

لەولاوەش پاشا بڕیاری‌دا هاملێت لەناو بەرێ ، چونکە دەیزانی مەترسی هەیە • جا بڕیاری‌دا لە وڵات دووری بخاتەوە • بەڵام شازادە خۆشەویستی خەڵك بوو و دەبوایە هەنجەتێك بدۆزێتەوە بۆ دەرکردنی • کوشتنی پۆلۆنیوس هەنجەتێکی باش بوو بۆ پاشا • لە دڵی خۆی‌دا گوتی : « خەڵك وا دەزانێ بۆیە هاملێت لە وڵات وەدەردەنێم تا بەرەبابی پۆلۆنیوس تۆڵەی لێ نەکەنەوە • »

کلۆدیۆس ؛ داینا هاملێت ڕەوانەی دادگای ئینگلتەرە بکاو وا بکا کە گەیشتە ئەوێ یەکسەر بیکوژن • وای پێشانی هاملێت دا کە بە کاروباری میری‌یەوە ڕەوانەی دەکا چونکە ئەو کاتە ئینگلتەرە سەر بە دانیمارك بوو • دوو کەسی بەگەڵ هاملێت‌داو نامەیەکی بۆ پاشای ئینگلتەرە ناردو داوای لێ کرد هەر کە هاملێت گەیشتە جێ یەکسەر

بیکوژێ •

هاملێت مامی باش دەناسی ، بۆیە زۆر وووریای خۆی بوو • وای پێشان دا گوێدێری مامیەتیو لەگەڵ هەردوو کەسەکەدا بەرەو ئینگلتەرەم کەوتە رێ • شەو ، کە هاوڕێکانی نووستن ، هاملێت نامەکەی کلۆدیۆسی دەرهێناو کردیەوەو خوێندیەوە ، نووسرا بوو کە گەیشتە جێ یەکسەر بیکوژن • هاملێت زیرەکانە ناوی خۆی سڕیەوەو ناوی دوو کەسەکەی تری تێدا نووسیو قەپاتی کردەوەو لە جێی خۆی دانایەوە •

ڕۆژی پاشی ، چەتەی دەریا لە کەشتیەکەیان دا • هاملێت زۆر ئازا بوو ، بازی دایە سەر کەشتی جەردەکانو هەمووی پەشۆکاندنو لەم کەینو بەینە کەشتی خۆیان دەرباز بوو ، هەملێت بە تەنێ لە ناو جەردان مایەوە ، ئەوانیش کە زانیان شازادەیە ڕێزێکی زۆریان لێنا بۆ ئەوەی بەڵکو بەرامبەر بەمە پاداشتیان بداتێ • ئیدی هەملێتیان هەڵگرتو بە سەلامەتی لە دانیمارك دایابەزاندەوە •

هاملێت کە گەیشتەوە ووشکاتی نامەیەکی بۆ مامی نووسیو پێی گوت کە هاتۆتەوە دانیماركو سبەینێ هەموو شتێکی بۆ ڕوون دەکاتەوە، بەڵام باسی نامەکەو پلانەکەی بۆ نەکرد • لە هەمان کاتدا ، نامەیەکی بۆ هۆراشیۆ نووسیو بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوەو داوای لێکرد بە زووترین کات بیگاتێ •

کە بەرەوماڵ دەبوونەوە ، دیمەنێکی سەیریان دی ، دوو گۆرهەڵکەنیان دی گۆڕیان لێدەدا ، دەیانگوت ئەم گۆڕە بۆ ئافرەتێکە تازە مردووە • لەو قسانەدا بوون جەنازە هات •

هاملێتو هۆراشیۆ زۆریان بێ‌سەیر بوو کە دیتیان پاشاو شاژنو پیاوەکانی تری بارەگاو (لایەرتز) ی برای ئۆفیلیاش لەگەڵ جەنازە دا بوون • هاملێتو هۆراشیۆ خۆیان شاردەوەو تەماشایان کرد کە قەشە نوێژی لەسەر کرد • هەستیان کرد قەشە نوێژەکەی بە تەواوی نەکرد، گوتی ژنە خۆی کوشتوە ناکرێ بە تەواوی نوێژی لەسەر بکەم • پاشان شاژن چەپکە گوڵێکی لەسەر گۆڕی داناو بە غەمگینی گوتی : « بە تەما بوم ببێ بە بووکی من » • هاملێت کە ئەمەی بیست ، یەکسەر زانی ئۆفیلیای خۆشەویستیەتی خۆی کوشتوە • وەخت بوو لە داخان بوورێتەوە • کە لایەرتز چوە ناو گۆڕی خوشکی ، ئەویش لەشوێن خۆیەوە دەرپەڕیو چوە ناو گۆڕەکە •

ئۆفیلیا کە زانی بووی هاملێت باوکی کوشتوە ، لە داخان شێت بوو خۆی خنکاند بوو ، لایەرتز ئەمەی بە تاوانی هاملێت دەزانی بۆیە ویستی هەر لەوێ لەناو گۆڕی ئۆفیلیا یەخەگیری بێت بەڵام خەڵك کەوتنە بەینیانو هاملێت لەگەڵ هۆراشیۆ ڕۆیشتو هاواری کرد : « من ئۆفیلیام لە برای زیاتر خۆش دەوێ » •

پاشای بەدخو هەر بیری لەوە دەکردەوە چۆن برازای بکوژێ ، بۆیە لایەرتزی زیاتر لە هاملێت هاندا • دەیزانی هەردوکیان شیروەشێنی چابووکن ، وای کرد کە شیربازی بکەن • پاشا ، لایەرتزی ڕازی کرد شیرێکی نووکتیژ بەکار بێنێ (کە لە شیربازی قەدەغەبوو) و بە ژەهریشی بکا بۆ ئەوەی هاملێت دەرباز نەبێ • هاملێت وای زانی شیربازی‌یەکە دۆستانەیە بۆیە بە شادومانی‌یەوە قبووڵی کرد •

ئەم پلانەی پاشا زۆر مخەننەتانە بوو ، پاشا داینا بوو ئەگەر هاملێت لەم شیربازی‌یەدا بکوژرێ ئەوا دەڵێن قەزاوقەدەر بوو • لەبەر ئەوەی

المكتبة المركزية
جامعة صلاح الدين

پلانی پێشووی هەڵوەشابووەوە بڕیاری‌دابوو ئەم پلانەی هەر سەر بگرێ. بۆیە دوو پەرداخە مەی لە سەر مێزی بەردەمی دانا. ژەهرێکی کوشندەی لە یەکێکیان کرد، گوتی ئەگەر هات‌و هاملێت سەرکەوت پەرداخە ژەهراوی‌یەکەی دەرخوارد دەدەم، بەم جۆرە کوشتنی هاملێت مسۆگەر دەبێ – چ بە شیری ژەهراوی بێ‌و چ بە مەی ژەهراوی.

شیربازی دەستی پێ‌کرد. شیربازی‌یەکی دۆستانە. لە سەرەتاوە وا پێ‌دەچوو هاملێت بباتەوە. کە وەستان پشوویەك بدەن پاشا پێکێکی لە سەر کەوتنی هاملێت هەڵدا، بەڵام هاملێت هیچی نەخواردەوە، گوتی تا شیربازی تەواو نەبێ ناخۆمەوە.

ئەم جارە، لایەرتز گەرم بوو، شیربازی خۆش بوو. پاشا بە پەرۆشەوە سەیری شیربازی دەکرد ئاگای لە شاژن نەبوو کە لە تەنیشتی‌یەوە دانیشتبوو. شاژن تینوو بوو پەرداخە ژەهراوی‌یەکەی خواردەوە، هەر لەو کاتەش‌دا لایەرتز هاملێتی بە نووکی شیرەکەی بریندار کرد، هاملێت شیرەکەی لە دەست لایەرتز دەرهێناو بەو شیرە برینداری کرد. لەناکاو شاژن کەوت‌و، هاوای کرد کە ژەهری دەرخوارد دراوە، یەکسەر مرد. هاملێت، کە دیتی هەر چوار دەوری دوژمنە، فەرمانی دا دەرگاکان دابخەن تا کەس قوتار نەبێ. کتوپڕ لایەرتز بەربووەوە، ژەهری برینەکەی کاری لێ‌کردبوو. لایەرتز پێش ئەوەی گیان بدا بە هاملێتی گوت کە ئەم هەموو تاوانە تاوانی پاشایە. هاملێت تێ‌گەیشت کە پاشا پلانی لێ‌دانایەتەوە بیکوژێ‌و زانی تەنیا چەند دەقیقەیەکی ماوە بۆ ئەوەی تۆڵەی باوکی بکاتەوە، ئیدی هەڵمەتی بۆ پاشا بردو بە شیرە ژەهراوی‌یەکە کوشتی.

ئینجا هاملێت هۆراشیۆی هاوڕێی دڵسۆزی بانگە کردە لای خۆی و داوای لێ کرد چیرۆکی ڕاستەقینەی کوژرانی باوکی و تۆڵەسەندنەوەی بۆ هەموو کەس بگێڕێتەوە • هۆراشیۆ ویستی مەی ژەهراوی بخواتەوەو لەگەڵ هاملێتی هاوڕێی بمرێ بەڵام هاملێت پەیمانی لێ وەرگرت کە شتی وا نەکا •

هاملێت هەر هێندەی لە ژیان ما بوو گوێی لە پەیمانی هۆراشیۆ بوو ، بە نرمی گوتی : « هەر بێ دەنگی یە ! » ئیدی کەوت و مرد • بەم جۆرە شازادەی مەردو نەبەردی دانیمارك سەری تێچوو کە لەوانەبوو ببێ بە پاشایەکی گەورەو مەزن •

ئەدەبی بێگانان

بەشی چوارەم

تایبەتی یە بە شیعرو ئامادەیە بۆ چاپ

پەرتوکخانە
College of Education - Soran

# نیۆبێو لیتۆ (١)

نووسینی : گی · دەبلیو · کۆکس
وەرگێرانی : ڕەشید عەبدوللا

ژمێرە ، ل گزیرتا دیلوس یا بچویك ، خانمەك هەبوو ناڤێ وێ ( نیۆبێ ) بوو ، نیۆبێ گەلەك کچو کوڕ هەبوونو گەلەکا بـە وان قەبە بوو ؛ چونکی وەسا تێدەگەهشت کو ل هەمی گزیرتا دیلوس‌و خو ل جیهانێ هەمیێ ، چ بچویك وەکی یێت وی سپەهی نینن ، هەکو ل سەر گرو نهالێت وێ گزیرتا کەڤرین‌ڕا دهاتن‌و دچون دەلەیزیـن خەلکی هەمی بەرێ خۆ ددانێو دگۆتن : « بێ خش چ بچویکێت دی وەکی یێت نیۆبێ خانم نینن · » و دەمێ نیۆبێ ئەڤە گو لێ دبوو هنـد دلشاد دبوو کو لنك هەر کەسەکێ ب خورتی‌و سپەهیاتیا کوڕو کچێت خو دخوڕی ·

هەر لڤێ گزیرتا دیلوس خانمەکا دی ژی هەبـوو نـاڤـێ وێ ( لیتۆ ) بوو ، کچەك‌و کوڕەك بتنێ هەبوون ، ناڤێت وان ئارتیمس‌و ڤیبوس ئەپولو بوون ، بەلێ هندی تو بێژی دخورت‌و سپەهی بوون ·

---

١ ــ گی · دەبلیو · کۆکس : هەقایەتی خواو پالەوانان· ل ١٦ــ١٩
G. W. Cox : Tales of the Gods and Heros. PP. 16 - 19.

چی گاڤا نیۆبێ دیتبانە دڤیا هزر بکەت کو بچویکێت وێ بخۆ هێز سپەهیترن ، هەر چەند نەدشیا ژ دلێ خو باڤێژیت کو وێ چ بچویکێت وەکی ئارتیمس و ڤێبوس ئەپولوی تازە نەدیتیە •

ڕۆژەکێ نیۆبێ خانم و لیتو خانم گەهشتبوونە ئێك و بچویکێت وان ژی ل بەری وان یاری دکرن و ڤێبوس ئەپولوی ل ( چەنگ )ا خو یا زێرین دا • • پاشی ، چەند تیرەك ب کەڤانێ خو یێ زێرین هاڤێتن و یێ پشت ڕاست بوو کو هەر تشتەکی بگریتێ دێ لێ دەت ؟ چونکی تیرێت وی چ جارا ژ نیشانێت خو دەرنەدکەتن ، بەلێ نیۆبێ چ پویتە ب کەڤانێ ئەپولوی و وان تیرێت د تیرکەشی وی دا نەکرو ڕابو ب سپەهیاتیا بچویکێت خو خوری و گۆتە لیتۆیێ : « دێ تەماشاکە هەر حەفت کچ و هەر حەفت کورێت من ، بەرێ خۆ بدێ چەند دخورت و سپەهینە ، ڕاستە ئارتیمس و ئەپولو د سپەهینە بەلێ بچویکێت من هێشتا سپەهیترن و تە دو بچویکێت هەین بەلێ من حەفت کور و حەفت کچێت هەین • • »

نیۆبێ هوسا ب ئاخفتنا خوڤە چوو و خو قەبە کرو قەت هزر نەکر کو دێ کەریێت لیتۆیێ ڤەکەت ، بەلێ لیتۆیێ چ نەگۆت هەتا نیۆبێ و بچویکێت وێ ژ وێرێ چوین پاشی ، گازی ئەپولوی کرو گۆتێ : « ئەڤ نیۆبێ خانمە یا بدلێ من نینە ، هەر دبێژیت کو کچ و کورێت وێ ژ تەو خویشکاتە سپەهیترن و من دڤێت دیاری بکەی کا چەندا چڤێل و دەبەنگەو کەسی دی وەکی بچویکێت من خورت و سپەهی نینە• ئێنا گەلەك کەریێت ڤیبۆس ئەپولوی ڤەبون و ڕوییێ وی یێ تازە تێك چوو و ئاگر ژ ناڤ چاڤا باری ، بەلێ تشتەك نەگۆت و کەڤانێ خۆ یێ زێرین هەلگرت ، تیرکەش ب ملێ خۆ ڤەکرو قەستا وان گرا کر

یێت کو دزانی نیۆبێ و بچویکێت وێ یێت لێ • دەمێ دیتین چو سەر کەڤرەکێ بلندو خویا ڕونیشتو (ژێ )یێ کەڤانێ خو یێ زێڕین کێشاو تیرەك ژ تیرکەشێ خو دەرئێخستو پاشی کەڤانێ خۆ باش خوجهکرو ژێ ب نك سینگێ خو ڤەکێشا هەتا سەرێ تیری گەهشتیە کەڤانیو تیر بەرداو خۆ سەرچو ب ئارمانجا خو کەفتو کوڕەکێ نیۆبێ مرو تیرەکێ دی ژی ژ کەڤانێ فڕیو پاشی ئێك ل دیڤ ئێکێ ڕا بەردا هەتا کوڕو کچێت نیۆبێ هەمی بڕەخێ گری ڤەکوشتینو پاشی ئەپولـوی گـازی نیۆبێ کرو گۆتێ : « دێ ڤێجا هەڕە خو ب بچویکێت خو یێت سپەهی ڤەبە کە • »

ئەڤە هەمی وەسا ب لەزوبەز چێ بوو کو نیۆبێ ب کوتەك زانـی کو ئەڤە نە خەون بوو ، نەشیا باوەڕ بکەت کو ئەو هەمی کوڕو کچێت وێ ئەوێت هەر وێ گاڤێ ب کەیفو خورت بوون هەمی مرن ل دۆرا وێ ، بەلێ هەمی ل سەر عەردی نە لڤو تەزی بوون ، چاڤێت وان دنقاندی بوون ، تە دگۆت دنڤستینەو هێشتا گرنژینەك ل سەر ڕویێت وان بوو و ژ هەر جار تازەتر کر بوون • نیۆبێ ئێك ئێکە چوو نـك هەمیاو دەست هاڤێتە دەستێت وان یێت سارو لامێت وان یێت پێتی ماچی کردو پاشی زانی کو تیرێت ڤێبوس ئەپولوی هەمی یێت کوشتینو پاشی ل سەر بەڕەکی نێزیکی وا ڕونیشتە خارێو ڕۆنـدك ژ چاڤا دەرکەتنو ب سەر ڕویێ وێ دا هاتنە خار ، دەمی وەکی بچویکێت خو ئەوێـت ل بەریکا دێ مرین ، بێلڤ ڕوینشتی ، قەت سەرێ خۆ ڕانەکر ، دا بەرێ خۆ بدەتە عەسمانێ شین ، قەت نە لڤیو دەست ب گریێ کر ل سەر وی بەرێ تەزی هەتا ئەو بخو وەکی بەرێ تەزی بەلێ هــەر ڕۆندك ژ چاڤا دهاتنە خارێو لەشێ وێ هەر تەزی هەتا ئێدی دلـێ

وێ خو نەڤوتای‌و نیۆبێ خانم ژی مری ، بەلێ وەسا خویا دکر کو با ڕوینشتیەو یا دگریت ؛ چونکی کوڤانا وێ یان گرە بەرەك‌و دەمێ خەلك هەمی نێزیکی وێرێ دبوون ، دگوتن : « ئەوا هەلێ نیۆبێ‌یە ئەوا بوویە بەرەك هەکو ڤیبوس ئەپولوی بچویکێت وێ هەمی کوشتین چونکی دگۆت کەس ژ کوڕو کچێت وێ سپەهیتر نینن . »

پشتی هنگی ب گەلەکی ، ئەو بەر کەڤن بوو کەڤرێ گـرتو خەلکی هێشتا باوەڕ دکر کو دشێت وێنێ نیۆبێ ببینن ؛ چونکە ئـەو بەرێ هەکو دچوونە نێزیك گەلەك وەکی ژنکەکی خویا نەدکر ، بەلێ ژ دویر وەسا دیار دبوو کو نیۆبێ هەر یا ڕوینشتیەو یا دکەتە گـری ژبەر بچویکێت خو یێت سپەهی ، ئەوێت ڤیبوس ئەپولوی کوشتین .

# ئاســنگر (١)

نووسینی : ئۆرۆزبەك ئایتمبەتۆف (٢)

وەرگێڕانی : ئە · ب

دوكانی ( بارێ )ی ئاسنگر نەختێ لە دووری گوند بوو، كەوتبوە ناو زەوی‌و شینایی · بارێ ، خۆی ، پیاوێكی پیر بوو ، دەستەزەلام بوو ، شان‌و شەپیلكی بەرین بوو ، كابرایەكی پڕ بـە پێستی خـۆی بوو ـ سەرخڕ ، سمێڵ‌و ڕدێن بۆزو تەنك ، چاو زەق‌و تیژ · بارێ كەمدوو بوو ـ ڕۆژتائێوارێ دە دوازدە قسەی نەدەكرد ، بەڵام قسەكانی بێ كەلك نەبوون · بە شێنەیی لەناو دوكانەكەی دەهات‌و دەچـوو ،

---

(١) ئۆرۆزبەك ئایتمبەتۆف : ئاسنگر · گۆڤاری ( ئەدەبی سۆڤیێتی ) ، ١٩٧٦ ، ژ ١٠ ، ل ١٢ ـ ٢٥ ·

Orozbek Aitycmbetov : The Blacksmith. Sl, 1976, No. 10, pp. 12 - 25.

(٢) ئۆرۆزبەك ئایتبەتۆف نووسەرێكی كیرگیزی‌یـە ، سالـی ١٩٤٧ هاتۆتە دونیاوە سالی ١٩٧٥ زانكۆی كیرگیزی تەواو كردووە · یەكەم بەرهەمی سالی ١٩٦٩ بلاو كردۆتەوە · كۆمەڵە چیرۆكێكی كورتی هەیە بە ناوی : « گۆرانی بەردەوام » ئێستا لە ( فرۆنز ) دەژی ·

★ ئایران : جۆرە شەرابێكی كیرگیزی‌یە ·

بێیە دارەکەی لە عەرد دەکوتا . هەر لە ئیش کردنو بیر کردنەوەدا بوو ، بابی جگەرەخۆرێك ڕانەدەوەستا ، هەر هێندە ئیشی ڕادەگرت کە سێ لیتر ( ئایران )*ی بۆ فراوین دەخواردەوە .

کە یەکێ ئیشێکی دەهێنایە لای ، بەبێ دەنگی قسەی لێ وەردەگرتو بە کورتی دەیگوت : « باشە ، داینێ بۆت دەکەم ، هەندە هەندە ڕۆژەی دی . » یان « بەمن ناکرێ ، دەبێ بیبەیتە شار . »

لەوەندە زیاتری نەدەگوت ، دەچووەوە گژ ئیشی خۆی .

لە تەنیشت زندانەکەی ڕاوەستام . بارێ شیشەی عارەبانەی دروست دەکرد ، چەکوشی بادەداو توند بە ئاسنی سوورکراوەی دادەدا ، پرووشك بە هەموو لایەکدا ئاورینگی دەهاویشتو تاریکایی ژوورەوەی ڕوناك دەکردەوە . ئاسنگر هەموو هۆشی لای ئیشەکەی بوو .

سەری بەرزکردەوەو تەماشایەکی کردم : « فەرخەبۆق ، دەتەوێ ببی بە شاگردی من ؟! » . سەرم بادا . گوتی : « ها ئەم چەکوشە بگرە . » بە هەردوو دەستان چەکۆشەکەم گرتو هەموو هێزی خۆم دایە تا بەرزم کردەوە سەر سەرم . بە لالێوەکانی زەردەیەکی هاتێو گوتی : « باشە ، سبەینێ وەرە ! » لە خۆشیان شاگەشکە بووم ، گوتم: « ناکرێ لەمڕۆوە دەست پێبکەم ؟! » بە کورتی بڕیەوە ، گوتی : « سبەینێ »و ڕووی وەرگێڕاوە بۆ لای کوورەکەی . پاشان گوتی : « دوێنێ باوکتم لە نەخۆشخانە بینی ، ئێستا باشترە ، پێی گوتم کە تێت بگەیەنم ئاگاداری خۆت بی . » گوتم : « سەرچاو ! » زۆر سوپاسم کردو خێرا ڕۆیشتم .

سبەینەی پاشی ، زوو لە خەو ڕابووم . دەموچاوم شوشتو

بەرداخە شیرێکم خواردەوە ، لەگەڵ ڕۆژهەڵات لە ماڵەوە بۆی دەرچووم . کە گەیشتمە پێچی سەری کۆڵانێ ئاوڕم دایەوە ، داپیرم لەبەر قەنتەرەی سپی ماڵێ وەستابوو ، برا بچووکەکەمی لە تەنیشت بوو . هەردووك تەماشای منیان دەکرد . داپیرم بە لچکی دەسرۆکی ورمێسکی دەسریەوەو لەبەر خۆیەوە قسەی دەکرد . هەموو جارێ دەیگوت : « ئای ، بچکۆلەکەم ، یاخوا بەختت یار بێ ، هەر سەرکەوی لە ژیانتا . ئەوەی بەسەر ئێمە هاتووە قەت بەسەر تۆ نەیە . »

لە دوورەوە (بارێ)م دی ، لە دووریانەکە وەستا بوو ، دەستێکم لێ هەڵشەقاند . بلووزێکی کۆنی لەبەر بوو ، شەبقەیەکی دڕاو گەچلاوی لەسەر بوو ، تێرکەیەکی مشەمماو فراوین و چەکوشێکی نوێی پێ بوو . چەکوشەکەی نایە دەستم : « ها ، بگرە چەکوشەکەت ! » بەبێ دەنگی ملی ڕێگای دوکانمان گرت . هەرچەندە ئەم چەکوشە لەوەی دوێنێ سووکتر بوو بەڵام هێشتا هەر گران بوو ، ئەم شان ئەو شانم پێ دەکرد . بارێ لە پێشم دەڕۆیشت ، لاقەدارەکەی کوتەکوتی بوو : تەپ - تەپ - تەپ .

سایەقی لۆرییەك چاوەڕێی دەکردین . سپرینگێکی شکاوی بە دەستەوە بوو ، تەماشای ئێمەی دەکرد ، بارێ لە پێشەوەو منیش لە دواوە چەکوشم لەسەر شان بوو وەکو یەکێ کە شیر بۆ سوارێکی چاخەکانی ناوەڕاست هەڵبگرێ . بەوپەڕی ڕێزەوە ، بەهەر دوو دەستی بارێی گوشی و ئینجا زۆر بەڕێزەوە چاك و خۆشی لەگەڵ من کرد ، وەك ئەوەی کە سەرۆك کۆلخۆز بم . لەگەڵمان ڕۆیشت و لە تەنیشت ئاسنگر بوو پێی گوت : « سپرینگەکە هەمووی چووە . » .

بارێ سپرینگەکەی لە دەست دەرهێناو گوتی : « چاکی دەکەین » •
دەستی بردە گیرفانی کلیلێکی دەرهانیو بۆ منی هەڵدا : « ها ، دوکانەکەم بکەوەو کوورەکە جۆش دە ! »

ئەمە سەرەتای یەکەم ڕۆژەێشم بوو •

بارێ پاڵەوان بوو ، لە هەموو کتێبەکانی قوتابخانە ناوی هەبوو • نیشانەی هەرە بەرزی پاڵەوانێتی لەشەڕ وەرگرتبوو • جارێکیان ، داوەتیان کردە قوتابخانەکەمان بەڵام هیچ باسی خۆی نەکرد • هەر هێندە بوو گوتی باش بخوێنن ، زۆر هەڵەپاسی مەکەن ، بەرگی گەرم لەبەرکەن ، ( ڕەشەمە بوو ) • ئینجا بە بێ دەنگی دانیشت تەماشای چالاکی‌یەکانی کردین و ڕۆیشت • لەو ڕۆژەوە خولیای ئەوە لەسەری دا بووم کە باسی پاڵەوانێتی بارێی لە زاری خۆیەوە ببیسم • پێم‌سەیرترین کەسی ئەم دونیایە بوو — چی کردووە ئەم هەموو نیشانەیان داوەتێ ؟ بۆچی باسی خۆی بۆ کەس ناکا ؟ هەرکەس نا پیرە ئالتینبای بگرە ، تەنیا یەك نیشانەی وەرگرتوە ، کەچی لەباری دا هەیە سێ ڕۆژی ڕەبەق ، لە بەیانی‌یەوە تا ئێوارە باسی شەڕ بکا • لە مێژ بوو دەمەویست ئەم پرسیارە لە بارێ بکەم کە حەجمانی لێ بڕی بووم بەڵام دەرفەتم نەدەبوو •

ئێوارەیەکیان ، لەماڵەوە چامان دەخواردەوە ، بارێ بە کوتەکوت بە ژوورێ کەوت • لاقەدارەکەی لە چەوراتی هەڵاتبوو — زۆر ماندوو دیاربوو ؟ ڕەنگە تەرەکتەری دراوسێیەکی چاك کردبێتەوە • هات لەسەر مێزێکی نزم دانیشت و بە کری پیاڵەچایەکی خواردەوە • تەماشایەکی ژوورێی کردو ماوەیەك چاوی بڕیە من و پاشان تەماشای داپیرمی کردو گوتی : « ئەنیاش ، ئەو وێنەیەم بدەرێ کە من و کوپسات پێکەوە

گرتوومانه ( کوبات مامم بوو ) • قەدەرێـکی‌تر دەچمە شـار دەمەوێ گەورەی بکەم ، هەندێ دانەیشی بۆ تۆ لەسەر دەگرمەوە •

داپیرم چوە ژوورەکەی‌ترو پریاسکەیەکی هێنا مەخمەڵیکی‌شینی تۆخ بوو • کردی‌یەوە ، زەرفێکی ڕەشی بچووکی دەرهێنـا کە پڕ وێنـەی کۆن‌و زەردباو بوو • تەماشای وێنەکانی کرد • بارێ چوو لەسەر لباد لە تەنیشتیەوە دانیشت‌و لاقە دارەکەی ڕاکێشایە پێش خۆی‌و قایش‌و ئاوزێنەکانی توند کردەوە • لەلای ناوەوەی وێنـەی تانکێـك کرابـوو ئەستێرەیەکی لەلانە نیشتێك بوو ، فڕۆکەیەکی بەسەردا دەفڕی • بـە قەلەمێکی وا کرا بوو نەدەسڕایەوە • بارێ سـەری باداو گـوتی : « دیسان کوڕەزاکەم قەلەمی پێدا هێناوە » • قەڵەمبڕی دەرهێناو کەوتـە سڕینەوەی وێنەکە •

داپیرم وێنەیەکی بچووکی دەرهێنا هەر هێندەی دەستێك دەبوو ، گوتی : « ئەوەتا ! » بارێ خێرا بە پەنجـە زبرەکـانی وەری گـرت‌و ماوەیەك تەماشای کرد • ئەو ناوە کش‌ومات بوو • بە نۆرە تەماشـای بارێ‌و داپیـرم دەکرد • داپیـرم زاری بـێ‌ددانی دەکوشـی‌و لچکـی دەسرۆکێکی گوڵگوڵی بادەدا دەمکوت ئێستا نا ئێستا دەگری • بارێی ئاسنکر پشتی دابوە دیوارو تەماشای وێنەکەی دەکرد • ناوبەناو دەستی بە دەم‌و چاوی دادەهێنا وەك ئەوەی بیەوێ لۆچەکانی بسـڕێتـەوە • هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا (هەمیشە هەناسەی وای هەڵدەکێشا) داپیرم لەناو وێنەکان گەڕا ، پارچە کاغەزێکی زەردی دەرهێنـا ـ شـەهادەی ( تەواوکردنی خوێندن )ی مام کوبات بوو • زۆرجار ئەم شەهادەیەم دی بوو • لە هەموو وانەکانی پێنج لە پێنجی وەرگرتبوو • شەهادەکەی دایە بارێ بە هێدی لەسەر مێزەکە پانی کردەوە • بەڵام وێنەکەی خستە ناو

کتێبێك و لە گیرفانی نا • جا وەك ئەوەی کە نە من لەوێ بم و نە داپیرم ، لەبەر خۆیەوە ، بە دەم بیرکردنەوە گوتی : « کوبات بمابایە ، ئێستا دەبوو بە زانایەکی گەورە ، یان وەزیرێکی دەولەت • کەسم نەدیوە بەهرەی ئەوی هەبێ • هەمیشە نیازپاك و مەشرەب خۆش بوو • دەنگی نزم کردو پێدا چوو ، تەماشای پێشە خۆی دەکرد ، : « هەموو کەس خۆشی دەویست ، هەمیشە بەختەوەر بوو ، دەتگوت هێزێکی بەرز چاودێری دەکات • چوار ساڵ لە هێزی پیادە بوو • لە یەکەم ڕۆژەوە لەگەڵ شەڕو هەرادا بوو • لە هیچ نەدەپەنگایەوە • منیش شێت بووم ئەو متمانەیەم بێ کرد • ئای ئەنیاش ! »

بـاریێ دەسـتی زلی کردبـوە کۆلەمسـتو کۆلەمسـتی لە داخو تووڕەیی‌یان دەلەرزی • دەمم لە دیار بەش بووەوە • گوتم ئێستا باسی شەڕ دەکا بەلام باریێ بێدەنگ بوو ، سەری دانەواندو چاوی بڕیە زەوی •

کتوپڕ هەستایەوەو خۆی بـە دیوارەکەوە گرت • شەپقـەکەی لەسەر لێوی پەنجەرە بوو دەستی دایەو بەبێ قسە سووڕایەوەو چاوی دایە دەرگا • لاقە دارەکەی هێندە بە تونـدی لە عـەرد دەکوتا گوتـم ئێسـتا عەردەکە کون دەکا • کە لە دەرگا ترازا شانی لە چوارچێوەی دەرگا دا •

ترسم لێ نیشتبوو دانیشتم ، لە داپیرمم پرسی : « ئەوە چ بوو ؟ ئەوە بۆ وای کرد ؟ » داپیرم لە تەنیشت پەنجەرە دانیشتبوو ، سـەیری کۆلانی دەکرد ، بە نەرمی وەلامی دامـەوە : « پێکـەوە سـەرباز بـوون ، بـاریێ فەرماندەی پەلی کوبات بوو ، فەرمانێـکیان بە دەسـتەوە بوو • دەیانزانی ئەوەی بچێ ناگەڕێتەوە • باریێ کوباتی بۆ ئەو ئەرکە نارد • »

چوومە لای پەنجەرە ، ئاسنگر دوورکەوتبووەوە ، لەناوەندی کۆلانێ دەڕۆیشتو لاقـە دارەکەی دەشـەلیو گۆپاڵەکەی بە تونـدی لـە زەوی

دەکوتا .

کۆنە تەرەکەرێک لە تەنیشت دوکانی ئاسنگر بوو ، پێچکەکانی وەکو پێچکەی عارەبانەی لێ‌هاتبوو ، ڕینگی شەت ببوو ، سەراپای ژەنگ بوو . مەکینەکەی چی وای پێوە نەما بوو . ( با ) بە خەفەتەوە لە دەوروبەری دەیورشاند . ڕۆژێکیان ، لە باربێم پرسی : « ئەوە ، بۆ لێرە کەوتوە ؟ » گوتی : « کەس نایەوێ . » گوتم : « چۆنە مندالان بێنم ، ڕایبکێشین ، بیبەین کەلەوپارچەکانی بفرۆشین ؟ » گوتی : « نابێ ! » چوومە لای تەکتەرەکەو ویستم بیجوولێنم بەلام ڕینگی لە زەوی ختم ببوو ، لە جێی خۆی نەدەبزووت .

بۆ نانی نیوەڕۆ دەستمان هەلگرت . باربێ ( ئایران ) ی خۆی هەلقۆڕاندو پەنجەی بۆ تەرەکتەرەکە درێژ کرد : « ئەمە تەرەکتەری کوڕەکەم بوو ، تەرەکتەری ( ساپار ) بوو . ساپار یەکەم سایەق تەرەکتەری کۆلخۆزەکەمان بوو ، لە چلوچوار ، لە چیکۆسلۆڤاکیا ، کوژرا . » پیرەمێرد بێ‌دەنگ‌بوو ، پاشان هەستایەوەو لە ناو دوکانێ کەوتە هات‌و چۆ . چەکوشەکەی لەسەر زندان هەلگرت . دەتگوت لە بیری نەماوە ئەمن لەوێم ، لەبەر خۆیەوە قسەی دەکرد : « باکی بە هیچ نەبوو . دوو سال خۆی گەورە کردو چوە شەڕ . ئەوە بوو باوك هاتەوە بەلام کوڕ کوژرا . هێشتا نەهاتبوومەوە دایکی مرد . » چەکوشەکەی توند بە زندان دادا . ئاوڕی دایەوە ، منی دی دانیشتبووم ، نیوەی ( ئایرن )ەکەم خواردبووەوە هێندە بە سەرسامی تەماشای کردم دەتگوت پێی سەیرە کە من لەوێم‌و داخۆ دەبێ لەوێ چ بکەم ؟ گوتی : « بڕۆوە مالێ ، ئەمڕۆ ئیشمان کەمە » . بە هێواشی بۆی دەرچووم بەلام لەباتی ئەوەی بچمەوە مالێ ، بامداوە زووری ڕەزووو لە پەنجەرەیەکی

بچووکەوە تەماشام کرد • بارێ هەر لە ژووریٚ دەهاتو دەچووو لەبەر خۆیەوە قسەی دەکرد • کتوپڕ لە تەنیشت زندانەکە ڕاوەستاو چەکوشێکی توندی لێدا ، بووە تەقوهۆڕ • بارێ بە هەر دوو دەست سەری خۆی گرتو چوو لەسەر کورسییەکی بەرامبەر پەنجەرەکە دانیشتو بێ هەستو خوست بوو ، ماوەیەك لەوێ دانیشت پاشان هەستایەوە ، کە هەستایەوە وا بزانم فرمێسکی بە چاوانەوە بوو بەلاّم لێم مسۆگەر نەبوو فرمێسکە چونکە نەمدیوە بارێ بگری •

پاییز داهات ، نیو ساڵ بوو لای ئەو ئاسنگرە ئیشم دەکرد • هاوین هێندە زیادم کرد بوو چاکەتو پانتۆڕەکەم لەبەر بچووك ببوەوە • داپیرم پێدەکەنیو دەیگوت : « هەر بزانە قاتی باوکیشت بە بەرت وە نەچووە» قۆڵو باسکم ئەستوورو بەهێز بوون • هێزێکی وام لە خۆمدا دەدی لە خۆمڕادەدی چەکوش لەسەر مانگ بسووڕێنم • بارێ زۆر جار بە تەنێ بەجێی دەهێشتم ـ کە بە ترومبێلی کۆلخۆز دەچوە شار ، یان کە پێی دەهێنشا • هەندێ جار دەیبردمە ساناتۆر بۆ دیدەنی باوکم • باوکم لە شەڕدا تووشی مێشك لەقان ببوو و دەبوایە ساڵێ چەند مانگێك لە لە نەخۆشخانە یان سەناتۆر بخەوێ •

جارێکیان ، گوێم لێبوو بارێو باوکم قسەیان دەکرد • باوکم گوتی : « چاوێکت لە ( ئیشێنبا )ی من بێ • » بارێ وەلاّمی دایەوە : « خەمت نەبێ دەیکەمە پیاو • وەکو کوڕی خۆم وایە • کە دەیبینم وا دەزانم ( ساپار )ی کوڕمە • منداڵێکی باشە ئەوە چەند مانگە تەواو هۆگری بوویم • » بەبێ دەنگ ، بەسواری ترومبێل گەڕاینەوە ، لە ڕێگای بەردەممان نز ببوومەوەبیرم لە باوکم دەکردەوە ، لە براکانی کە لە شەڕ کوژرابوون ، لە دایکم ، لە داپیرم ، لە بارێ • کە بیرم دەگەڕایەوە

لای بارێ دزەچاوێکم دەداێ ، کتوپڕ هێندە بەزەییم پێدا هاتەوە فرمێسکم لە چاوان دەربوو . ڕووم بۆ لای پەنجەرەی تەنیشت وەرگێرا ، لە دوکانێ ئاسنمان چاك دەکردەوە ، ترومبێلی ڕۆژنیکیان سەرۆکی کێلگا هات . گەنجێك لە تەنیشت سەرۆك سوار ببوو ، بەرگی شارستانی لەبەر بوو وەکو مامۆستای نیگارمان وا بوو . دۆقەمان لەگەڵ کرد . سەرۆك لە تەندروستی بارێو باوکمی پرسی . لە چۆنیەتی ئیش‌و کاری پرسی . ئینجا میوانەکەی پێ ناساندین : «ئەمە ڕۆژنامەنووسە لە فرۆنزەوە هاتوە دەیەوێ لەبارەی ئێوەوە بنووسێ . » گەنجە بە دەم خەندەیەکەوە سەری لەقاند . بارێ هیچی نەگوت ، بەبێ دەنگی دەستی دایە کەرەستەکانی‌و چوە دوکان‌و ئێمەش چوینە دوایەوە . دوکانی ئاسنگر تەنگ‌و تریسك بوو . سەرۆك‌و ڕۆژنامەنووسەکان تەماشای یەکتریان کرد . بارێ پشتی تێ کردن‌و کوورەی جۆش‌دا . دواجار هاتە قسە : « کەلکی چی‌یە لەبارەی منەوە بنووسی ؟ من بابی خۆم لەسەر نووسراوەو زیاتریش . چیتر مەمکەنە پاڵەوان ! » چوە لای زندان‌و هەردوو دەستی هاویشتە سەرێ : « وولات هەموو جەنگاوەرە، زۆر کەس کوژراوە، لەبارەی ئەوانەوە بنووسن . » سەری بۆ لای من درێژ کرد : « لەبارەی مامی ئەم کوڕە بنووسن . ، ئێوە هەر بەدوای شتی زەق‌دا دەگەڕێن . شتی وا کەلکی نی‌یە . ئەدی ( ئەلتینبای )ش بەشداری شەڕ نەبوو ؟ ( ڕیسبەك ) ؟ » بێ‌دەنگ بوو ، ئەو ناوە کش‌و مات بوو . پاش نەختێ کەوتەوە قسە : « سەرۆك بمبوورە ، کوڕێژگە تۆش لێم مەگرە ! » کەچوون سواری ترومبیل بوونەوە گوێم لێ بوو ڕۆژنامەنووسەکە بە سەرۆکی گوت : « دەبێ تێی بگەین . بەلای ئەوەوە شەڕ لە چل‌و پێنج نەبراوەتەوە ، هەر بەردەوامە . »

ئەو ڕۆژەم زۆر باش لە بیرە . زوو هاتمە سەر ئیش ، ڕۆژنامەی

ڕۆژی پێشووم لەگەڵ خۆم هێنابوو کە ووتارێکی دووورودرێژی لــە بارەی بارپێ تێدابوو • کە دوکانم ماشت سەرسام بووم ، دیارە دەبــێ وابێ • بەڵام ئەمڕۆ هەر بە قسەی دێنم • بارپێ درەنگ هــات • زۆر بەکەیف بوو • کە هات گوتی : « فەرخەبۆق ، ڕۆژباش • باشــت ماڵیوە ، لە مێزە دەبوایە ئەم زووورە خاوین کەیتەوە • » شەپقە کۆنەکەی بە بزمارێکەوە کردو چاکەتە پینەپینەکەی لەبەر کرد، تێرکەی (ئایران)ی لەسەر مێز داناو مووشە دەمەکانی خستە کار • بارپــێ کە بکەوتایــە سەرئیش حەزی نەدەکرد ئیشی پێ بپرن بۆیە مووشەدەمەکانم لێ وەرگرت • بە ئاسکی قسەی لەگەڵ کردمو منیش گوتم : « ئاتا ، پێم بڵێ چــۆن لــە شەڕێکا سێ تانکت پەلەخاند • » بە توندی گوتی : « کێ وا دەڵێ ! » ڕەنگم سوورهەڵگەڕا ، ڕۆژنامەکەم پێشان داو گوتم : « لە ڕۆژنامــەدا نووسراوە • » لە دەستی دەرهێنام ، چوە لای پەنجەرە، خێرا ووتارەکەی خوێندەوەو ڕۆژنامەکەی فڕێ دایە سەر تەختە • بە تــوندی گــوتی : « دەتەوێ چیت پێ بڵێم ؛ چۆن سێ تانکم پەلەخاند ؟ خۆیشم نازانم ! من بە تەنێ نەبووم•ڕەمەزانم لەگەڵ بوو•ڕەمەزانی سیر کاسی،بەڵام کەس باسی ئەو ناکا • لەبەر ئەوەی کە لەبارەی من دەنووسن تۆ وا تێدەگەی کە من بە تاقی تەنێ هەموو سوپای جەرمەنم ووردو خاش کردووە • ئەگەر ڕەمەزان نەبوایە ئەمن نەدەمام • ئەو منی ڕزگار کرد • منی ڕزگار کردو خۆی کوژرا • » بارپێ کەوتە هاتوچۆ • تێ گەیم ئەمە یانی چیو وام باش دی زمانم بگرم •

پیرەمێرد منی لە بیر چوو بوو ، لەبەر خۆیەوە دەیگوت : « منی ڕزگار کرد ، خۆی بریندار بوو ــ منی هێنایە دەرێ • بوو بە تــۆپیم بارانو کوژرا • » دەستی دەلەرزی : « وەکو کوڕی خۆم وا بــوو

منداڵێکی قشت بوو • چیاییەکی ڕاستەقینە بوو • بوێرو گەڕناس بوو • وەکو ( ساپار)ی کوڕم وا بوو • پێی دەگوتم ( بابە ) • هەتیو بووو منی بە باوکی خۆی دادەنا • » لە چەکوشەکەی ڕوو هات : « لە ساڵێك دوو کوڕم چوو ! ساپارو ڕەمەزان • بریا خۆم بکوژرابام • بەڵام مـن، مامو تا توانیم تۆڵەم کردنەوە • نەك هەر تۆڵەی ئەوان ـ تۆڵەی هەموو کوژراوان • دژی نازی‌یان جەنگیم ، خاکی سلاڤیم لەم پیسانە پـاك کردەوە • خۆیشم هەر نەمردم • »

بارپێ ڕووی گرژ ببوو • ترسم لێ‌نیشت • چەکوشەکەی باداو لە زندانی‌دا • پاشان کپ بوو ، کپی‌یەکی وا بوو لە مێشکم‌دا دەزرنگایەوەم دەلەرزیم • دەمەویست قسەیەك بکەم قسەم بۆ نەدەهات • بارپێ لەسەر کۆسپەی دوکانێ کەوتبوو • ڕاکشا بوو •

ڕۆژی پاشی هاتەوە سەر ئیش • زوو هات‌و لەکن کۆنە تەرەکتەرەکە چاوەڕێی کردم • دەمزانی لەوێیە ، جێ‌پێی لەسەر بەفری نـەرم‌و نوێ دیار بوو ، لە گوندەوە تا دوکانێ لاڕێ دەڕۆیشتم ، نەمدەویست پێ لە جێ شوونی ئەو دا بنێم • هەستم بە تاوان دەکرد بەرامبەری‌و ئەمەش بارێکی قورس بوو بەسەر شانمەوە بە لاکەلاك گەیشتمە دوکانێ ڕۆژباشیم لێ‌کردو دەستم بۆ درێژ کرد ، دەستی خستمە ناو لەپی زلی خـۆی‌و ڕایکێشام، بۆنی مەڵحەمی لێ‌دەهات • دیارە دیسان پێی ئازاری داوە • خۆم بە چاکەتەکەیەوە قرساند • بە نەرمی دەستی زلی بە سەرم داهێنا •

شانۆگەری

# تەڵەی مردن (١)

نووسینی : ساکی ( هێکتۆر هیو مونرۆ )
وەرگێڕانی : شۆڕش ئاکۆ

کەســـەکان :

١ ــ دیمتری : شازادەی فەرمانڕەوای شاری کێداریا .
٢ ــ دکتۆر سترۆنێتز
٣ ــ کۆکۆنێل گیرنیتزا
٤ ــ مێجەر ڤۆنتینێف
٥ ــ کاپتن شەلتز

(٢ – ٥:) ئەفسەری تیپی نۆبەتداری ( گرانیتزکی ) ن

دیمەن – ژووری پێشوازی لە قەڵای شازادە لە تزێرن .

کـات – ڕۆژی ئێستا . دەوروبەری سەعات دەی ئێـواری دیمەنەکە دەردەکەوێ .

[ ژووری پێشوازی نارێکە . هەندێ مافوری بەلکانی لە دیوارەکان

١ ــ گی بۆس : کورتە شانۆگەری نوێ ، لەندن ، ١٩٤٤ ل٢٩ـ٣٥
Guy Boas : Short Modern Plays, London, 1944, pp. 29-35.

دراون • مێزێکی درێژووکانی لە ناوەندی ژووریێیە نزیك پەنجەرەیە بوتڵو پەرداخی شەڕابی لەسەرە • مێزێکی‌تر لە هەندێ کورسی پشتۆك بڵند لێرەو لە وێ کەوتوون • ئاگردانێکی فوڕ • دەرگا لە ناوەڕاستە • کە پەردە لادەکەوێ گیرنیتزاو ڤۆنتێفو شەلتز پێکەوە قسە دەکەن • ]

گیرنیتزا : شازادە بە ڕەفتاریەوە دیارە گومانی لە شتێ کردوە •

شەلتز : لێ گەڕێ با لەو گومانەدا بێ ، پاش نیو سەعاتی تر بۆی ڕون دەبێتەوە •

گیرنیتزا : لە وەتی تیپەکەی ئاندرێیف لە شار چوونەتە دەرەوە ، ئێمە ئامادەین بۆی •

شەلتز [ دەمانچەی لە کیفی دەردێنێو نیشانە لە کابرایەکی خەیاڵی دەگرێ • ] : جا عەمرت کورت بێ جەنابی شاهانە ! باوەڕ ناکەم گوللەکانم زۆر بە خەسار بچن •

گیرنیتزا : من قەت حەزم لە دەمانچە نەبووە • ئیشی خۆم بەمە پێك دێنم [ شیرەکەی هەڵدەکێشێو بە دەم جیرەوە دەیخاتەوە ناو کیفکەکەی • ]

ڤۆنتێف : وای ، باش تەمبێی دەکەین • هەر چەندە منداڵی وا گوناحیشە • حەزم دەکرد لەگەڵ پیاوێکی گەورەمان بکردایە •

گیرنیتزا : نابێ لەسەر فرسەت باز بدەین • پیاوی پێگەیشتوو ژن دێنێو نەوەی لێ‌دەکەوێتەوەو ئەو حەلە دەبێ سەراپای بنەماڵەکە لەناو ببەین • بەڵام کە ئەم کوڕە بکوژین مانای

وایە دوایی بە بنەماڵەکەیان دێنین و ڕێگا بۆ ( کارل )ی شازادە خۆش دەکەین • تا توخمێکی ئەم بنەماڵەیە مابێ ( کارل )ی مەرد قەت عەرشی بۆ نابێ •

فۆنتێیف : ئاە ، دەزانم ئەمە گەورەترین فرسەتمانە • بەڵام لەگەڵ ئەوەش‌دا حەز دەکەم بە دڵمان بێ بەڵام بە دەستمان نەبێ ، واتە خوا لە کۆڵمانی بکاتەوە •

شەلتز : ووس ! وا هات • [ شازادە دیمتری لە دەرگای ناوەڕاست دێتە ژوورەوە • بەرگی ئاسایی شۆڕە سوارانی لەبەرە • یەکسەر بە ژووریٚ دەکەویٚ ، جگەرەیەك لە پاکەت دەردێنیٚ و بە ساردی تەماشای سیٚ ئەفسەرەکە دەکات • ]

دیمتری : پێویست ناکا چاوەڕیٚ بن •

[ بۆی دانێنەوەو دەکشێنەوە ، شەلتز لە دوای هەموویانەوە دەڕواو بە مۆڕی تەماشای شازادە دەکا • لەسەر مێزەکەی ناوەڕاست دادەنیشیٚ • کە دەرگا دادەخریٚ ماوەیەك لە دەرگا نز دەبێتەوە ، جا بە شێوەیەکی نائومیدانە سەری شۆڕ دەکاتەوە سەر قۆڵەکانی ••• لە دەرگا دەدریٚ • دیمتری قیت دەبێتەوە سەر پیٚ • سترۆنێتز بە جلی مەدەنی دێتە ژوورەوە • ]

دیمتری : [ بە پەرۆشەوە ] : سترۆنێتز ، وای خوایە چەندم پیٚ‌خۆش بوو تۆم بینی !

سترۆنێتز : نەمدەزانی وایە ، وا بە زەحمەت لیٚ‌دەگەڕێن بێمە لات • ناچار بووم فەرمانێکی تایبەتیم ، لە خۆمەوە ، هەڵبەست بۆ

ئەوەی بێم لە تەندروستیت بپرسم • دەمانچەکەیان لێ گێڕامەوە•
گوتیان ئەمە فەرمانێکی نوێیە •

دیمـتری [ بە نەختێ پێکەنینەوە ] : منیش هەرچی چەکم هەبـوو هەموویان برد ، بڕوبیانووی پوچیان هێنایەوە • گوایـە شمشێرەکە دەبەن تـیژی بکەنەوەو دەمانچـەکە دەبـەن پاکی بکەنەوەو چەقۆی ڕاویشم بزر بوە •

ستروٚنێتز [ بە ترسەوە ] : وای خوایـە ، دیمتری ، قاتـی مەبەستت ئەوە نی یە •••؟

دیمـتری : با ، با • بە تەلەوە بووم • لەوەتی ، سێ سـاڵ پێـش ئێستا ، لە تەمەنی چواردە ساڵی هاتوومەتە سەر تەخـت بۆ ساتێکی وەکو ئێستا لە دووم دەگەڕانو پاسیان دەکردم ، بەلاّم بە ملهوڕی تێ کەوتم •

ستروٚنێتز : ئەدی نۆبەتدارەکانت •

دیمـتری : جلوبـەرگت دیـن ؟ تیپی ( کرانیتـزکی ) ن • ئەمانـە دڵوگیانی شازادە کارلن ؛ تۆپچی یەکانیش دڵگرانن • لـە پلانەکەیاندا گومانیان تەنیا لە تیپی ئاندرێیف بوو ئەویش ئەم شەو بە ئیش دەردەچن : تیـپی لۆنیـادی پاش سەعاتـێ شتی وا نۆبەتیان لێ وەردەگرێ •

ستروٚنێتز : هەڵبەت دڵسۆزن ؟

دیمـتری : بەڵێ ، بەلاّم دڵسۆزی ئەوان تا سەعاتێـکی تر یـا شـتی وا ناگاتە جێ •

ستروٚنێتز : دیمتری ! کەوابوو نابێ لێرە گیر بخۆیتو بتکوژن ! دەبێ
تا زووە بڕۆیو خۆت دەرباز کەی !

دیمتری : « ستروٚنێتزی ئازیزم ، پشتێك زیاترە تاقمەکەی کارل
هەوڵ دەدەن وچاغمان کوێر بکەنەوە • تەنیا من ماوم • بڕوا
دەکەی لێ بگەڕێن لەبەر چڕنۆکیان دەرباز بم ؟ خوێری
هێندە نەفرەتی نین !

ستروٚنێتز : بەڵام جێی داخە ! لێرە دابنیشیو قسە بکەی وەك ئەوەی
کە یاری شەترنج بکرێ •

دیمتری [ هەڵدەستێتەوە ] : وای ، ستروٚنێتز ! ئەگەر دەتزانی چەندم
ڕك لە مردن دەبێتەوە ! من ترسنۆك نیم ، بەڵام حەزم لە
ژیانە • پیاو بە گەنجی ژیانی زۆر پێخۆشە و منیش ڕۆرم
خۆشی لە دونیادا نەدیوە • [ دەچێتە لای پەنجەرە ] : لە
پەنجەرەوە تەماشایەکی ئەم شاخە سیحراوییانە بکە سەرتا
بە خواریان لێڕو دارستانە • گرۆتفیتز دیارە کە پار پاییزێ
ڕاوم لێ دەکرد ، لەلای دەستە چەپو لە پشتەوەی ڤیەننایە•
ستروٚنێتز قەت چوویتە ڤیەننا ؟ من تەنیا یەك جارم دیوەو
بەلامەوە وەکو شارێکی سیحراوی وا بوو • زۆر شاری
سیحراویتریش لە دونیادا هەن من نەمدیون • تەخمینی
لێ بکە ، من ئێستا زندووم و قسە لەگەڵ تۆ دەکەم ،
هەروەکو دەیان جار لەم ژوورە بۆرەدا پێکەوە دواوین ، و
سبەی نۆکەرێکی کەتەو گەلحۆ خوێنو خوڕی ئەم قوژبنە
دەشوا ــ وا بزانم لەم قوژبنە دەبێ • [ پەنجە بۆ قوژبنێکی
نزیك ئاگردان درێژ دەکا ] •

ستروێنتز : بەڵام دیمتری ، نابێ وا بە ساردو سڕی بەکوشتن بچیت • مادام چ چەکیان پێنەهێشتووی شەڕی پێبکەی ، وەرە دەرمانێکت دەدەمێ بیخۆ پێش ئەوەی ئەوان دەستت بکەنێ ، خۆت دەمری •

دیمتری : سوپاس • نەء • برام شتی وا ناکەم • تا چ نەبوە تۆ بۆ خۆت بڕۆ ، دەست لە تۆ نادەن • بەڵام من خۆم دەرمانی کوشندە نانۆشم • تا ئێستا کەسم نەدیوە بکوژرێ ، فرسەتی لەوە باشترم چنگ ناکەوێ •

ستروێنتز : کەواتە منیش جێت ناهێلم ، کە هاتی بکوژرێی کوژرانی دوو کەس ببینە •

[ لە دوورەوە دەنگی مارش دێ ]

دیمتری : تیپی ئاندریێفە دەردەچێ ! ئێستا نایەلن وەختیان بە فیڕۆ بچێ ! [ دەکشێتەوە قوژبنی لای ئاگردان ] : ووس ، وا هاتن !

ستروێنتز : [ لەناکاو ڕادەکاتە لای دیمتری ] ! خێرا ، چاکەتەکەت هەڵزرێنە !

[ چاکەتی دیمتری شل دەکاتەوەو وا پیشان دەدا کە دڵی فەحس دەکا • دەرگا ڕنگ دەکرێتەوەو سێ ئەفسەرەکە دێنە ژوورەوە • ستروێنتز دەستی ڕادەهەژێنێ بۆ ئەوەی بێ دەنگ بن و بەردەوام دەبێ لەسەر فەحسی دڵی دیمتری • ئەفسەرەکان تەماشای دەکەن • ]

گیرنیتزا : دکتۆر ستروێنتز ، زەحمەت نەبێ بڕۆ دەرەوە ! نەختێ

ئیشمان بە جەنابی شاهانەی هەیە • ئیشێکی بە پەلەیە ،
دکتۆر ستروّنیتز •

ستروّنیتز [ ڕویان تێ دەکا ] : بەڕێزینە ، داخەکەم ئیشەکەی من
لە هی ئێوە گرنگترە • من دەزانم ئێوە هەمووتان گیانی
خۆتان لە پێناوی شازادەدا دەبەخشن بەڵام مەترسی‌یەکی وا
لە گۆڕێ هەیە ئێوەش ناتوانن پشتی تێ بکەن •

گیرنیتزا [ سەرسامە ] : گەورەم ، باسی چ دەکەی ؟

ستروّنیتز : شازادە لە دووی ناردبووم چارەی ئەو نەخۆشی‌یەی بکەم
کە ماوەیەکە بە دەستی‌یەوە هەراسەنە • منیش فەحسم
کرد • ئەرکەکەم زۆر دڵڕەقانەیە ••• لە شەش ڕۆژی دی
زیاتر نازی •

[ دیمتری لە نزیك مێزەکە خۆی بەردەداتەوە سەر
کورسی‌یەك • ئەفسەرەکان ئاوڕ لەیەك دەدەنەوە ،
پەشۆکاون • ]

گیرنیتزا : بە ڕاستتە ؟ ئەو قسەی دەیکەی زۆر گەورەو ترسناکە ؛
بە هەڵەدا نەچووی ؟

ستروّنیتز [ دەست داوێتە سەر شانی دیمتری ] خوا بیکردبا بە هەڵەدا
بچم !

[ ئەفسەرەکان دیسان ئاوڕ لێك دەدەنەوەو دەکەنە
چپەچپ ]

گیرنیتزا : ئێمە دەبێ بچینەوە لای ئیشی خۆمان •

ئۆنتیڤ [ بە دیمتری دەڵێ ] : گەورەم ، ئـەوە کاری خوایـە ، چ بکەین •

دیمـتری [ بە نائومێدی ] : بڕۆن بەجێم بێڵن •

[ سەلام دەکەن و هێدی دەکشێنەوە • دیمتری هێـدی سەری قیت دەکاتەوە ، هەڵدەستێتەوە سەر پێ ، ڕا دەکاتە بەر دەرگاو گوێ ڕادەگرێ و سەرکەوتوانە دەگەڕێتەوە لای سترۆنێتز • ]

دیمـتری : تەفرەت دان ! وای خوایە ، بەڕاسـتی تەگبیرێکی بـاش بوو ، سترۆنێتز !

سترۆنێتز [ هەڵدەستێتەوەو بە هێمنی تەماشای دیمتری دەکا ] : دیمتری، ئەم فێڵە ئیلهام نەبوو بۆم هاتبێ ، کە تەماشای چاوی تـۆم کرد دەردەکەم زانی • چونکە زۆر کەسم دیـوە تـووشی نەخۆشی کوشندە بووین و خۆیان وەکو تۆ نواندوە •

دیمـتری : گوێ مـەدەرێ لەهەرچی یـەکەوە بۆت هاتـبێ ، گرنگ ئەوەیە تۆ منت ڕزگار کرد • تیپی لۆنیادی هەبزانە گەیشتنە جێ و ئەو حەلە تاقمەکەی گیرنیتزا ناوێرن هیـچ بـکەن • سترۆنێتز تۆ فریوت دان ، فریوت دان •

سترۆنێتز [ بەغەمگینی ] : کورە تەفرەم نەداون !•

[ دیمتری ماوەیەکی زۆر تەماشای دەکا ] کە ئەو دڕندانـە چاوەڕێیان دەکرد بتکوژن من فەحسێکی ڕاستیم کردی • ئەو قسەی کردیشم ڕاست بوو ، نەخۆشیەکەت هەیە •

دیمتری [ بەشێنەیی ] : ئەوەی پێت گوتن هەمووی ڕاست بوو ؟

سترۆنێتز : هەمووی ڕاست بوو ، شەش ڕۆژیدی زیاتر ناژی •

دیمتری [ بە ڕووگرژی ] : بە یەك ئێوارە دوو جار مەرگم هاتە سەر داخەکەم زۆر تەنگاوە ! [ بە تووڕەیی ] بۆ لێی نەگەڕای بمکوژن ؟ بیانکوشتبام باشتر بوو نەك ئاوا چاوەڕێی مردن بکەم • [ دەچێتە لای پەنجەرەو تەماشای دەرەوە دەکات ] :

سترۆنێتز ! تۆ تازە لە مردنێکی سەخت ڕزگارت کردم • لێ گەڕێ با خۆم لەمردنێکی لەویش سەختتر دەرباز بکەم • من پاشام • با دەست بەسەری مردن نەبم ئەم بوتلە بچووکەم بدەرێ •

[ سترۆنێتز دڵ لە دڵ دەدا ، پاشان جانتایەکی بچووك دەردێنێ • بوتڵێك دەردێنێو دەیداتێ • ]

سترۆنێتز : بە چوار پێنج دڵۆپ تیشەکەت پێك دێ •

دیمتری : سوپاس • ئێستاش هاوڕێی دێرینم ، خوا حافیز • زوو بڕۆ • نەختێ بە ئازات دیوم ــ بەڵام دەرنابەم • ئومێدەوارم وەك پیاوێکی ئازا یادم بکەی • خوا حافیز ، هاوڕێی هەرە دڵسۆزم ، بڕۆ •

[ سترۆنێتز دەستی خۆی دەگوشێو چاوی بە باسکی دەگرێو لە ژوورێ ڕا دەکا • دەرگا دادەخرێ • دیمتری نەختێ لە هاوڕێکەی دەگەڕێ جا خێرا دەچێتە لای مێزەکەی لاتەنیشتو بوتلەکە دەکاتەوە • کە دەیەوێ چەند دڵۆپێك لە پەرداخ بکا ڕادەوەستێ وەك ئەوەی بیرێکی نوێی بۆ هاتبێ • دەچێتە لای دەرگا ، دەیکاتەوەو گوێ ڕادەگرێ و پاشان بانگ

دەکا : « گیرنیتزا ، ڤۆنتیف ، شەلتز ! » دەکشێتەوە لای مێزەکەو هەموو ژەهرەکە لەناو پەرداخ دەکاتو شووشەی ژەهر دەخاتە ناو گیرفانی • هەر سێ ئەفسەر دێنە ژوورەوە•]

دیمتری : [ شەرابەکە لەناو چوار پەرداخ دەکا ] : شازادە مردوە ـ بژی شازادە ! [ دادەنیشێ ] دەبێ ئێستا شەڕی کۆن ببڕێتەوە ، ئێمە کەسمان نەماوە ئەم شەڕە بکا ، شازادە کارل بردییەوە • هەر بژی شازادە کارل ! نۆبەتدارانی کرانیتزکی، لە دەسەڵاتو فەرمانڕەوایی دادێ بخۆنەوە •
[ هەر سێ ئەفسەر تەماشای یەکتر دەکەنو دەخۆنەوە ]

گیرنیتزا : جەناب ، ئێمە قەت شەرەفی خزمەتکردنی شازادەیەکی لە جەنابی شاهانەت مەزنترمان پێنابڕێ •

دیمتری : ڕاستە ، چونکە ئێوە خزمەتی هیچ شازادەیتر ناکەن • تەماشاکەن چەند بە شادی دەخۆمەوە !
[ پەرداخەکە هەڵدەقۆڕێنێ ] •

گیرنیتزا : مەبەستت چییە دەڵێی خزمەتی هیچ شازادەیتر ناکەن ؟

دیمتری [ هەڵدەستێتەوە ] : مەبەستم ئەوەیە کە من بە پێش نۆبەتدارانی کرانیتزکی دەکەومو پێکەوە دەچینە ئەو دونیا • ئێوە ئەمشەو هاتبون من بکوژن [ هەموو ڕادەپەڕن ]• کەچی مردن بەرایی لێ گرتنەوە • پێم غەدر بوو ئەم ئێوارەیە بەلاش بڕوا و ئێوەم کوشت ، ئەوە بوو مەبەستم !

شەلتز : شەڕابەکە ! ژەهری دەرخوارداین !

[ فۆنتییف بوتلەکەی گرتو لێیووورد بووەوە • شەلتز پەرداخی بەتاڵی خۆی بۆن کرد ] •

گیرنیتزا : وای ، ژەهراوی !

[ شیرەکەی هەڵکێشاو بۆ دیمتری چوو کە لە سەر لێوی مێزەکەی ناوەڕاست دانیشتبوو • ]

دیمتری : فەرموو ، ئەگەر حەز دەکەی ! من هەر دەمرم ، بە نەخۆشی بێ باش چەند ڕۆژێکی ترو بە ژەهر بێ باش چەند دەقیقەیەکی تر ، بەڵام ئەگەر حەز دەکەی هەندێ کێشەی تر بخەیتە سەر مەرگم ، بێ دڵی خۆت مەکە •

[ گیرنیتزا دەلادێو شیرەکە بەردەداتەوە سەر مێزو پشتا پشت دەکەوێتە سەر کورسی‌یەکو مرەی دێ • شەلتز بەردەبێتەوە سەر مێزو فۆنتییف دەلادێو بە دیوار دەکەوێ لەم کاتەدا دەنگی مارش دێ ، نزیك دەبێتەوە • ]

دیمتری : ئەها ! تیپی لۆنیاد هاتە ژوورەوە • نۆبەتدارە دڵسۆزەکانی کرانیتزکیم لەگەڵ دێنە دونیاکەی‌تر • خوا شازادە چەپاڵە بدا ! [ شێتانە پێدەکەنێ ] کۆلۆنیل گیرنیتزا ، قەت نەمدەزانی مردن ••• هێندە ••• خۆشە •

[ بەردەبێتەوە سەر زەوی‌و دەمرێ • ]



CamScanner

# دڵم هی ئێوەیە ..

## زولفیا

وەرگێڕانی : سوهەیلە عەبدوڵلا

تیشکی زێڕینی ڕۆژی بەهاری تاشکەند ژووری پڕکردبوو . ئەو تیشکانە بە ڕەفتەی کتێبان دەکەوتن کە لەسەر زەوییەوە تا بنمیچ بە دیوارەوە هەڵچووبوون ، بە مێزی زلی نووسینیش دەکەوتن .

خاتوونی ماڵ ، کە ئافرەتێکی گورج وگۆڵ و ڕێک و پێک بوو ، دەستی بەسەر پرچی ڕەشی داهێنا کە هەندێ تاڵی زیوینی تێدا دەبریسکایەوە ، جا بە نەرمی گوتی : « وا بزانم بە پێی ڕەوتی ڕۆژگار هەر کەسە هەست دەکا ئەو ماوەی بنیادەم دەژی ماوەیەکی زۆر درێژو لە هەمان کاتدا زۆر کورتە . هەر چەندە زیاتر بژیت و بەشداری هەوڵی جەماوەر بکەی ، دەتەوێ هێشتا زیاتر خەبات بکەی .. »

نەختێ بێدەنگ بوو ، ئینجا گوتی : « من خۆم زۆر بە بەختەوەر

---

(١) دڵم هی ئێوەیە .. گۆڤاری ئەدەبی سۆڤیێتی ، ١٩٧٧ ، ژ ٧ ، ل ١٣٥ – ١٣٨ .

My Heart Belongs to you ... Sl. 1977, No. 7, pp. 135-138

دەزانم • زۆرم چاکەو خۆشی دیوە ، مرۆڤیش قەت چاکـەی لە بیر ناچێتەوە ••• »

شێوەی گفتوگۆی هێمنو لەسەرەخۆ بوو ، متمانەی پێـوە دیار بوو ، هەر لە خۆوە بێ‌ی‌دا نەدەدا • ووشەکانی بژاردە بوونو پوختەی تـاقی کردنـەوەی ژیانی بـوون • ڕاسـتی‌یـەکەی زولفیـا زیرەکانـە ووشەکانی هەڵدەبژێرێ • دەبێ هەرواش بێ ، چونکە خۆی شاعیرە ، شاعیرێکی چاکە ، نەك تەنیا لە ئۆزبەکستانی ووڵاتی خـۆی ناسـراوو خۆشەویستە ، بگرە لە سەراپای یەکێتی سـۆڤیەتو هەنـدێ ووڵاتی بێگانەش هەر وایە • ئەو شاعیرەی ناو بداتو بـە شـاعیر بزانـدرێ شاعیرێکی بەختەوەرە • بەڵام زولفیا هەر لەو ساکە گۆڕە نەبۆتە شاعیر، بەڵکو بە کاری بەردەوامو هەوڵی داهێنەرانەی دوورو درێژ بۆتە ئـەم شـاعیرە •

سـەراپای ژیـانی زولفیـا بـە ژیانی کۆمـاری ئۆزبـەکسـتان بەسـراوەتەوە :

دەنگی گەل دەگاتە مێشكو دڵ •

منیش شیعرەکانم وا دەنووسم •

وردە دڵۆپ یەك دەگرنو ڕووبار پێك دێ ،

ژیانی خەڵکیش چارەنووسی نەتەوە دیار دەکا ،

من تینوێتیم بەو ڕووبارە دەشکێنم •

ئەم چەند دێرە سەرەتای کتێبێکی زولفیان کە ناوی ( تاقگە ) یەو خەڵاتی هەمزەی ئۆزبەکستانی پێوەرگرتوە • ئەم چەند دێرە ڕوانینی

بەرفراوانی جیهانی‌یانەی هونەرمەندی سۆڤێتی پێشان دەدا کە هەرگیز لە ژیانی ملیۆنەها هاونیشتمانی جودا نابێتەوە • زولفیا گوتی : « لەبەر ئەوەی کە جێگری سەرۆکی سۆڤێتی بەرزی کۆمارو نووسەری گۆڤاری ـ ساوۆدات ـ م پەیوەندیم لەگەڵ سەدان ، بگرە هەزاران کەس هەیە • کاتی خۆی ئەرکی سەرەکیمان ئەوە بوو ژنە ئۆزبەکان قایل بکەین بەشداری کاری هاوبەشی کۆمەڵی نوێمان بکەن • ئێستا گەیشتووینەتە قۆناغێکی بەرز ـ هەوڵ دەدەین ئاستی رۆشنبیری ژنان بەرز بکەینەوە، ڕوانینیان فراوان بکەین بۆ ئەوەی پاشماوەی کۆن لە نێو بەرین کە هێشتا دەوری هەرماوە • »

زولفیا کە بە منداڵی لە تەنیشت دیوای حەوشە ڕادەوەستا ، تەماشای ترۆپکی دوورو بەفرپۆشی شاخانی دەکردو لە دایکی دەپرسی : « دایە ، ئەوە چی‌یە ؟ » •

دایکی وەڵاەی دەدایەوە : « کچم ، چیایە • »

ـ « نا ، ئەوەی پشتەوەیان چی‌یە ؟ خەڵکی لێ‌دەژی ؟ »

دایکی بە غەمگینی وەڵامی دەدایەوە : « نازانم ، چ بزانم ؟ هیچ ڕێی بۆ ناچێ • تەماشاکە ئەم شاخانە چەند سەختو بەرزو ساردن ••• »

پاشان دەرکەوت کە ئەم چیایانە هێندە ( سەختو بەرز ) نین • پاش چەند ساڵێ کە زولفیا دەچوە وولاتانی ڕۆژهەڵات بەسەر ئەم شاخانەدا دەفڕی• شیعرەکانی زولفیا لە هیندو بورماو سری لانکا زۆر باش ناسراون • زولفیا خەلاتی جەواهیر لال نەهرۆی وەرگرتووە نووسینگەی بەردەوامی کۆمەڵەی نووسەرانی ئافرۆئاسیایی ساڵی ١٩٧٠ خەڵاتی (لۆتس) یان پێ‌بەخشی • زولفیا لە ووتارێکیدا نووسیویە :

« خەڵکینە ! دڵی من هی ئێوە • بۆ ئێوەیە ڕێزی سپیدەی بەیان دەگرم ••• » بێ گومان هەموو کەس هەقی نی‌یە ئەم قسانە بکات بەڵام زولفیا ئەم قسانەی بە هەموو ژیانی خۆی دەست کەوتوە • ژیانی زولفیا زۆر لاپەڕەی گەشی تێدایە بەڵام وەکو هەموو ڕۆڵەکانی گەلەکەی تاڵو سوێری شەڕیشی چەشتوە • لە دەست چوونی حەمید عەلیمخانۆڤی هاوسەری برینێکە قەت سارێژ نابێ • زولفیا زۆر شیعری قووڵو ناسکی بۆ نووسیوە • هەر چەندە کە زولفیا خەمی گرانە بەڵام ئەم شیعرانەی نائومێدی‌یان تێدا نی‌یە • توانیویە جلەوی خەمو ئازاری بگرێ چونکە خۆی زۆر لە گەڵو ژیانی وڵاتەکەیەوە نزیکە •

جارێکیان زولفیا گوتی : « دەزانی من بڕوا بەو کەسانە ناکەم کە بەردەوام گلەیی لە بەدبەختی خۆیان دەکەن ، دەیانەوێ بەو گلەو گازاندانە پاکانە بۆ بێ‌ووره‌یی‌و بێ‌توانایی خۆیان بکەن • ڕاستی‌یەکەی ئەمەیان خۆپەرستی‌یە بێ‌زیادوکەم ! دەبێ مرۆڤ بزانێ چۆن خۆشی لە ژیانەوە دەرکێشێ‌و بۆی بخەبتێ ••• شتی سەرەکی ئەوەیە برادەری باشت هەبێ‌و خۆیشت برادەرێکی باشی خەڵك بی ـ ئەو حەلە گومانی تێدا نی‌یە کە بەختەوەر دەبی ••• »

زولفیا باوەڕی بەرامبەر ژیان ئاوایە • لە شیعرەکانیشی هەر داوای شتی وا دەکا • کۆمەڵە شیعرەکانی بە تەواوی کەسێتی خۆی دەردەخەن • کە کتێبەکانم پەڕپەڕ هەڵدایەوە هەر لە کتێبە بچووکەکانی بەرایی‌یەوە تا ئەو دوو کۆمەڵەی دوایی کە بە ناوی ( بیرەوەری دەدوێ ) و ( پەلکەڕەنگینە ) بڵاوی کردوونەتەوەو هەردوکیان ساڵی ۱۹۷٦ خەڵاتی لینینیان وەرگرتوە ، هەر وەها کاتێ دێرە ناودارەکانم خوێندەوە ، بیرم لە نهێنی‌یەکی جاویدانی شیعری

مەزن کردەوە ــ ئەو شیعرەی لە دڵی بێ گەردو کراوە پەیدا بێ هەڵبەت دەچێتە دڵی خەڵکەوە ... زولفیا شاعیرێکی لیریکی یە • بەرهەمەکانی ڕەنگدانەوەی هەستو نەستی خۆیەتیو دڵسۆزیو دڵنەوازی دەخاتە ڕوو • لەگەڵ ئەمەشدا ، دونیای لیریکی زولفیا تەنیا هەستی کەسێتی نی یەو بەس بگرە زۆر لەوە فراوانترە • سامانی هەستو بیری ئەندامەکانی کۆمەڵی سۆڤێتی تێدایە •

هاوڕێ دڵسۆزەکانی زولفیا کە (گۆرانیو خەونو خۆشەویستی)ن بەرەو کێڵگەی بەهاری دەبەن کە پەمۆچینو گەنمچینەکان خەریکی ئیشن ، بەرەو کێڵگەی شووشەبەندو باخچەکان کە باخچەوانە بەهرەدارەکان ( وەك هونەرمەندان ) هەموو جۆرە گوڵێ پەروەردە دەکەن • پیاو کە شیعرەکانی زولفیا دەخوێنێتەوە دونیایەکی جوانو خۆشی لەبەردەمدا دەبێتەوە ــ دونیای کارو بەختیاریو ئیلهام •

شیعری زولفیا بەو گەلە هەڵدەڵێ کە گرانیو چەوساندنەوەی بنبڕ کردوە ، ئەو گەلەی بۆ یەکەمین جار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کۆمەڵێکی دامەزراندوە ، ئەم ووشە بەنرخانەی بە ئاوی زێڕ لەسەر ئاڵا نووسراوە : ئاشتیو کارو سەربەستیو یەکسانیو برایەتیو بەختیاری بۆ هەموو گەلان •ساڵی ۱۹٦۱ زولفیا لە کۆنگرەی دووەمی ئافرەتانی ئۆزبەکستان گوتی : « گیانی پاكو گەشو میهرەبانی گەلەکەمان وەکو کتێبێکی کراوە وایە مرۆڤ قەت لە خوێندنەوەو هەڵدانەوەی پەڕەکانی تێر نابێ ... »

زولفیا هەمیشە بە تەمای زۆر شتەو دەزانێ چ قەردێکی گەلەکەی لەسەرە ــ بەلای ئەوەوە ئەرکی نیشتمانپەروەرو شاعیر یەك شتە •

# چۆن شیعر دەخوێنینەوە (١)

نووسینی : لۆرانس پێرین

وەرگێڕانی : حوسێن عەلی وەلی

شیعریش وەکو زمان شتێکی جیهانی یە ۰ مرۆ لە دێر زەمانەوە شیعری گوتووە زۆربەی شارستانی یەکانی سەر ڕووی زەمین دەستی شیعریان هەبووە لە هەموو سەردەمێك ، لە گشت وولاتیکا تێکرای چینەکانی گەل شیعریان نووسیوە ؟ چونکە چێژیان لە شیعر گوتن وەرگرتووە ۰ شیعر وا ناسراوە کە جۆرە زمانێکە بەلام لە زمانی ئاسایی تیژترەو زیاتر دەگوترێتەوە ۰ شیعر بریەتی لە ئەندێشەو هێماو خوازەو چیرۆکی ڕەمزیو پەلارو بیرو تۆنو مۆسیقاو کێشو قافیە ۰

ئەگەر یەکێ بیەوێ تامو چێژ لە شیعر وەربگرێ دەبێ تێی بگاو بتوانێ شی بکاتەوە ۰ وا بۆ ئەم مەبەستە چەند پێشنیارێکی سەرەتایی دەخەینە بەر چاوی خوێنەری شیعر بە هیوای ئەوەی سوودی لێ وەربگرێ :

---

(١) Laurance Perrine : Literature, Structure, Sounds and Sense.

١ – هەروەکو چۆن بە یەکجار واز لە گوێدانە سمفۆنیای بنهۆفن ناهێنی ، ئاواش هەموو پارچە شیعرێك لە یەك جار زیاتر بخوێنەوە ؛ چونکە لەوانەیە نەتوانی بە یەکجار لە تەواوی مانای شیعرەکە بگەی • ئەگەر شیعر کارێکی وەستایانە بێ دیارە دەبێ کورتکردنەوەو خەستکردنەوەی تاقیکردنەوە جێگای دووبارەکردنەوەو درێژدادڕی بگرێتەوە• کەس نییە یەك تاکە جار گوێ بداتە پارچە مۆسیقایەکی بەخرۆش و لێی تێر بێ و پاشان لە بیری بکات • کەس نییە یەك جار تەماشای نیگارێکی دڵفرێن بکا پاشان فڕێی بدا • شیعر ڕۆژنامە نییە یەك جار بەخێرایی بیخوێنیتەوە • شیعر تابلۆیەکە دەبێ بە لادیوارێکی هۆشتەوە هەڵی بواسی •

٢ – بۆ ئەوەی لە شیعر بگەی دەبێ عەودالی دۆزینەوەی مانای پڕ بە پێستی ووشەکان بیت ، بۆیە پێویستە لە کاتی خوێندنەوەی شیعر فەرهەنگ بەکار بێنی • کەس دەتوانێ بەبێ تۆپ یاری تێنس بکات!؟ ساغ کردنەوەی مانای ووشە ، زمان دەوڵەمەندو پاراو دەکا ، مرۆ بەسەر خوێندنەوەو تێگەیشتن دا زال دەکا • جا بواری شیعر لەم مەیدانەدا هەڵێکی یەکجار بە بڕیارە ، هەروەها دەبێ لە کاتی خوێندنەوەی شیعر هەندێ سەرچاوەی سودبەخش و هەندێ کتێبی میسولۆجیاو کتێبی پیرۆز بەکار بێنی •

٣ – کە شیعر دەخوێنیتەوە ، بە دەنگ بیخوێنەوە تا گوێت لە ووشەکان بێ • شیعر بۆیە نووسراوە تا گوێی لێ ڕابگیرێ ، ماناکەیشی لە چوارچێوەی دەنگ و پیتەکانەوە دەردەکەوێ بۆیە هەموو ووشەیەك گرنگەو سەنگی تایبەتی خۆی هەیە •

زانکۆی سۆران
فاکەلتیی ئاداب
کتێبخانەی فاکەلتیی ئاداب

باشترین ڕێگای شیعر خوێندنەوە بە تەواوی پێچەوانەی باشترین ڕێگای ڕۆژنامە خوێندنەوەیە • تۆ تا پێت بکرێ خێرا ڕۆژنامە دەخوێنیتەوە ، بەڵام تا زیاتر لەسەرەخو شیعر بخوێنیتەوە باشترە • ئەگەر نەتتوانی شیعر بەدەنگ بخوێنیتەوە هەر هیچ نەبێ بەلێو جولاندنەوە بیخوێنەوە • بە زارو زمان ووشەکان بڵێ با دەنگیشت دەرنەیە • ئەم لێوجولاندنە لە خوێندنەوەی شتی ئاسایی خراپە بەڵام لە شیعر خوێندنەوەدا زۆر باشە •

٤ ــ سەرنج بدە لێکدانەوەی مانای شیعرەکەو بزانە چ دەڵێ • هەر چەندە کە پێویستە هەست بە دەنگی شیعرەکە بکەی بەڵام نابێ تێگەیشتنی ماناکەی پشت گوێ بخەی • لای هەندێ کەس ، شیعر خوێندنەوە وەکو سواربوونی ئەو ئۆتۆمۆبیلانەیە کە لە شارۆچکەکانی یاری ، لەسەر هێلی ئاسن دەخولێنەوەو هەورازو نشیوان دەکەن • ئۆتۆمۆبێلەکە تیژ دەڕواوبڵندو نەوی‌یان دەکات‌و ماوەیان نادا سەرنج لە دیمەنە خێراکانی بەرچاویان بدەن • ئەم جۆرە خوێندنەوەیە وا لە خوێنەر دەکات کە بە هێنکەبڕی‌و دەست بەتاڵی ، بێ ئەوەی هیچ لە مانای شیعرەکە بگات ، کۆتایی بێ‌بێنێ • بێ گومان ئەم ڕێگەیە لە شیعر خوێندنەوەدا چەوتە • جا بۆ ئەوەی مرۆ سەری پەنی بیری شیعرەکەی لێ‌نەپچرێ‌و مانای پڕ بە پێستی ووشەکان بقۆزێتەوە دەبێ هەموو توانای بیری بخاتە کار ، چونکە شیعر زۆر شتی تێدایە، بۆیە دەبێ چەند جار بیخوێنێتەوە • بەڵام هەر لە یەکەم خوێندنەوەدا خوێنەر دەتوانێ دەرك بەوە بکا کام فرمان لەگەڵ کام ناودا دەگونجێ •

٥ ــ خۆت ڕابێنە شیعر بە دەنگ بخوێنیتەوە • کە شیعرێکی بە دلـی

[stamp]

خۆت دەکەوێتە بەردەست وای بۆ هاوڕێکەت بخوێنەوە کە پێی شاد بێتو گوێت بۆ شل بکات یان هاوژوورەکەت :

آ ـ بە سۆزو خرۆش بیخوێنەوە نەك بە زۆر لە خۆکردن . ئەوەی شیعر بە دەنگ بخوێنێتەوە تووشی دوو جۆرە تطرفی خوێندنەوە دەبێت کە هەردووکیان بە مەردوو دادەندرێن . یەکەمیان ئەوەیە وەکو یەکێ کە ڕاپۆرتی باج یان خشتەی هاتن و چوونی شەمەندەفەر بە یەك پشوو بخوێنێتەوە وایە ، ئەوەی تریشیان خوێندنەوەی شیعرەکەیە بە زۆر لە خۆکردن و لەراندنەوەی دەنگ . شیعر خۆی سۆزی تێدایە ، پێویست ناکا سۆز بئاخیتە ناو شیعر خوێندنەوە ، تەنیا دەرفەتێکی بۆ بڕەخسێنە سۆزەکە خۆی دەردەکەوێ ، دەرفەتەکەش هەر ئەوەندەیە کە شیعرەکە بە ڕێك و ڕەوانی بخوێنیتەوە .

ب ـ لەو دوو جۆرە خوێندنەوەی باسمان کردن ، خوێندنەوەی خێرا زیانی لە خوێندنەوەی لەسەرەخۆ زیاترە . زۆر لەسەرەخۆ شیعر بخوێنەوە تا هەموو وشەکانت لا ڕوون و ئاشکرا بێ و بتوانی لە مانای بگەی . ئەوەش بزانە ئەو کەسەی شیعرەکەی بۆ دەخوێنیتەوە وەکو تۆ دەقەکەی لەبەر چاو نییە . لەوانەیشە تۆ هەر بەتەبیعەتی خۆت لە خوێندنەوە خێرا بیت ، جا ووریای خۆت بە !

ج ـ بە جۆرێکی وا شیعر بخوێنەوە کە هەست بە ئیقاعی شێوەکەی بکەی بەڵام بێ زێدەڕەوی . لە بیر نەکەی شیعریش وەکو پەخشان بە ڕستە نووسراوەو خاڵبەندی هەیەو ئەو خاڵبەندییە ڕێگای خوێندنەوەت پیشان دەداو هەر وەستانێکی گراماتیکی

هەبوو هەقی تەواوی خۆی بدەرێ • دەربڕینی ئاسایی دەنگەکان مەکۆڕە • نەکەی دەست لە گۆڕینی هێز (نبرة)ی سەر ڕستەکان بدەی بۆ ئەوەی کێشەکەی لەگەڵ حەزو ئارەزووی خۆت بگونجێنی • شیعر خوێندنەوە بە : تادم ـتادم ـتادمو زێدەڕەوی لەهێز داگرتنە سەر هەموو بڕگەکان، یەکێکە لە شێوازە هەرە خراپەکانی خوێندنەوەی شیعر • لەلایەکی تریشەوە ، نابێ شیعر بە شێوەی پەخشان بخوێنیتەوە • گرنگترین پێوەری خوێندنەوەی شیعر چۆنیەتی مامەڵە کردنە لەگەڵ کۆتایی، ئەو دێرە شیعرانەی خاڵبەندی نین • هەڵەی هەرە باوی خوێنەری ناشی ئەوەیە کە وا مامەڵە لەگەڵ هەر دێرە شیعرێک دەکا کە مانایەکی تەواو و سەربەخۆی هەبێو لە کۆتایی دێرەکە دەوەستێ جا لە ڕووی ڕێزمانەوە تەواو بێ یان نەء • هەڵەی هەرە گەورەی خوێنەری خێراو زۆر لە خۆکەر ئەوەیە کە خێرا بەسەر کۆتایی دێری شیعردا تێبپەڕێ وەك ئەوەی ئەمە کۆتاییەکەی نەبێ : دێری شیعر یەکەیەکی ئیقاعیە دەبێ حسێبی خاڵبەندیو کۆتایی نەبوونی بۆ بکرێ ، ئەگەر دوایی نەهاتبوو ماوەیەکی زۆر کورت بوەستە یان ووشەی کۆتایی نەختێ لەباری ئاسایی درێژتر بکەوە •

بۆئەوەی زیاتر لە شیعر بگەین دەبێ چەند پرسیارێک بکەین • پرسیارێکی هەرە گرنگ ئەوەیە : کێیە قسە دەکات ؟ و بە چ بۆنەیەکەوە قسە دەکات ؟ خوێنەری ناشی زۆر سەهوە ئەگەر وا تێبگا هەمیشە هەر شاعیرەکە خۆیەتی کە قسە دەکا • باشتر وایە وا تێبگەی کە ئەوەی قسە دەکا غەیری شاعیرەکەیە • کە شاعیر وەدەنگ دێو بە شێوەیەکی

ئاسایی هەستو سۆزو بیری مێشکی دەرەدەبڕێ خۆیشی وا دادەنێ کە بەناوی هەموو کەس قسە دەکات نەك بە ناوی تاقە کەسێکی گۆشەگیر کە تەنیا حەزی لە سرکە بێتو قەرەوێتەی شین نەبێ لە ملی نەکا • دەبێ هەمیشە ووریا بین لە پێناسەکردنو وێکچوونی ناوەرۆکی شیعرەکەو ژینامەی شاعیر • شاعیریش وەکو ڕۆماننووسو شانۆگەگەرینووس هەقی تەواوی هەیە کە ئەزموونی تایبەتی خۆی تێکەڵ ئەزموونی گشتی بکات • زۆر شیعر لە دەربڕیندا دراماتیکین ، واتە هەر پارچە شیعرێك تا ڕادەیەك درامییە ؛ واتە قسەی کەرەکتەرێکی خەیاڵییە زیاتر لەوەی کە هی شاعیرەکە خۆی بێت •

دووەم پرسیاری گرنگ ئەوەیە : ئایا ئامانجی سەرەکی شیعرەکە چییە ؟ بۆی هەیە ئامانجی سەرەکی شیعرەکە گێڕانەوەی چیرۆکێك ، یان دەرخستنی سیفەتێکی مرۆڤ ، یان دەربڕینی هەستو سۆزو میزاج بێت • یان وا دەبێ بە ڕوونی هەندێ بیرو هەڵوێستمان پێڕابگەیەنێ • ئامانجەکە هەر چیو چۆنێك بێ ، دەبێ ئەو ڕاستییەمان لەبەر چاو بێ کە ئێمە ئەو کاتە لە شیعرەکە دەگەین کە پەیوەندی نێوانی ئەرکو مانای جۆراو جۆری زانیارییەکانمان بە ئامانجی سەرەکی ببەستینەوە ؛ ئینجا دەتوانین بڕیاری چاکیو خراپی شیعرەکە بدەین •

کە ئامانجی سەرەکی شیعرەکەمان زانی پرسیارێکی ترمان لە پێش قیت دەبێتەوە : ئەو ئامانجە بە چ هۆیەکەوە گەیاندراوە ؟ لێرەدا ، دەبێ هۆو ئامانج لێك جودا بکەینەوە • ئەگەر تەنیا بە وەسفی شێوەی درامی شیعرەکە قەناعەت پەیدا بکەین ، ئەوا وەڵامەکە نیوەچڵ دەردەچێ وەڵامی دروستو بێ کەموکورتی ، هەڵسەنگاندنی هۆیە هەمەچەشنەکانی دەربڕینی دەوێ •



CamScanner

لە کاتی شیعر خوێندنەوەدا دەبێ هەردەم لەو پەڕی هوشیاری دابین. ئەوانەی وا تێدەگەن کە مەبەست لە شیعر خوێندنەوە حەسانەوەی بیرو هۆشە ، ئەوانەی لەناو جۆلانە ڕادەکشێن و بەدەم چلورەو ساردەمەنی خواردنەوەو بە دەم گوێدانە مۆسیقایەکی نەرمو لە شوێنێکی کــرو دووری خەڵك شیعر دەخوێننەوە ، ئەوانە بە هەڵەدا چووینو زیانیش بە خۆیان دەگەیەنن . بەڵێ ، تۆ دەتوانی لەناو جۆلانە ڕابکشێیو لــە سەرەخۆ بلەریتەوەو شیعر بخوێنیتەوە بە مەرجێ بیرو لەشت لــە دوو هەڵوێستی جودا بن .

ئامانج لە شیعر خوێندنەوەدا ئەوە نییە لە دەمـاری مرۆ بـگەڕێو بیهێنێتەوە سەرەخۆ بەڵکو خروشاندنی مێشكو قورمیش کردنیەتی بــۆ ئەوەی لە ڕوداوە جەنجالەکانی ژیان نقوومی بـکاتو بیهـەژێنێو وای لێبکا زیاتر هەست بە بوونی خۆی بـکا . ئەوەش بزانــە شیعر حەبــی هێورکردنەوەی ئێشو ژان ( مسکن ) نییە .

دەتوانین بڵێین خوێندنەوەی شیعرو یاری تێنس لە هەندێ ڕووەوە لەیەك دەکەن : هەردووکیان لەزەتێکی زۆریان تێدایە . ئەوەی تێنس دەکا دەبێ هەردەم لەسەر پەنجەی پێ بێ ، چاوی لە هەموو جولەیەکی بەرامبەرەکەی بێ ، چوستو ئامادە بــێ کە بـەلای ڕاســتو چـەپدا بجوولێ ، بە نەرمی تۆپ لە تۆڕەکە ئاودیو بکا ، ووشت بێو ئاگای لــە سووڕان و حەواڵە کردنو ڕەتکردنەوەی تۆپەکە بێ ؛ چونکە تۆپەکە شێتانە ڕاستو چەپ دەکا . ئەوەی تێنس دەکا دەبێ خۆی بۆ تۆپی بلند هەڵبداتو بە دوای تۆپی دوورەوە ڕا بکات ، تا زیاتر خۆی مانــدوو بکات ئەمەکە بەلەزەتتر دەبێ . شیعریش وەکو یاری تێنس وایە . هەمان تامو چێژی تێدایە بەڵام تێنــس چ هــەوڵدانو چالاکیەکی لەشی

دەوێ شیعریش هەوڵدانو چالاکی یەکی فیکری وای دەوێ تا تامو خۆشی بەخشێ • ئەوەی شیعر دەخوێنێتەوە سیفەتێکی باشتری هەیە لەوەی کە تێنس دەکا : شاعیر نایەوێ بۆڕبۆڕێنەکە بباتەوە ، هەر هێندەی لە خوێنەر دەوێ خۆی بۆ تیرەکانی ڕابگرێ ، بەلام داوای ڕەتکردنەوەیشیان دەکات •

زەلیل

نووسینی : حسام بەرزنجی

چیرۆکێکی درێژەو کەوتۆتە بازاڕەوە

مرواری

نووسینی : جۆن شتاینبێك

وەرگێڕانی : حاجی ئەحمەد

کەوتە ژێر چاپەوە

# چیخەف چۆن دەینووسی (۱)

وەرگێرانی : عەلی مەحموود جوکل

بەرهەمی گرنگی ئەدەبی بە زۆر چەشن پەیدا دەبێ • هەر نووسەرێك جۆرە ڕێبازێکی هەیە • هانز کریستیان ئەندرسن مەراقی بوو هەقایەتی پەری‌یانی لەناو دارستان‌دا دەنووسی‌و لە نووسین خێراو بەهرەمەندو بەتوانا بوو • فلاوبەر ژیانی هەمووی هەوڵی بێ‌پایان بوو بۆ داهێنانی شێوەیەکی بەرزی دارشتنی ئەدەبی • ئەم شەهیدە هێندە لە نووسین بەکاوە خۆ ، لە بێ هیوایی‌دا ، دەیگوت : « ئەم نووسینە چرو چاوم ناهێڵێ • » ڕۆسۆو دیکنز بەیانیان دەیاننووسی کەچی دوستۆیفسکی تەنیا بە شەو دەینووسی‌و بەدەم نووسینەوە چای دەخواردەوە •

( زنۆفی باپیرنی )ی زانای ئەدەب ، کە چەند ساڵێکی ژیانی خۆی بۆ لێکۆڵینەوەی ژیان‌و بەرهەمی ئەنتۆنیو چیخەف تەرخان کردو ، هەندێ

---

(۱) نووسەری ئەم ووتارە ، بۆ پشتگیری کردنی ڕایە ڕەخنەگرانەکانی چیرۆکێکی کورتی چیخەفی لەگەل ئەم ووتارەدا بلاوکردبووەوە • چیرۆکەکە ( توو کنەرمی ) لە بەشی دووەمی ( ئەدەبی بێگانان )دا بلاوکراوەتەوە •

تایبەتیی شێوەی نووسینی ئەنتونیۆ چیخەڤی دەست نیشـــان کردووە : سەرەتای ژیانی ئەدەبیی چیخەف دەگەڕێتەوە سالّی ١٨٨٠ کە چیرۆکە کورتەکانی بە ناوی ئەنتۆشا چیخۆنت لە کۆمەلە گۆڤارێکی گالتەکاری بلاّوەکردوە کە ئەو حەلە لە مۆسکۆوست پترسبۆرگ دەردەچوون . لە سەرەتاوە چیرۆکەکانی سادەو نوکتەئامێز بوون . ڕاستە نووسەرێکی مەزن نووسیبوونیو مۆرکی ووردەکاری لە وەسف کردندا پێوەدیـــار بوو و ئاوێنەی زۆر لایەنی ژیانی ئەو سەردەمە بوون . ئاوازو ڕەویەی بێهاوتای چیخەف لە چیرۆکەکاندا دیار بوو - وەك سەرکوت کردنەوە، تیژی پەست و دروست کردنی بزەی ناکاو .

لە نامەیەکی سالّی ١٨٨٦دا کە ئەو کاتە تەمەنی ٢٦ سالّ بوو ، بە ئاشکرا دانی پێدا دەنێ : « وەك پەیامنێرێـك کە ڕاپـۆرت لـە بارەی شەڕەوە بنووسێ ، من ئاوها چیرۆکەکانم میکانیکی نووسیوە .» چیخەف دادەدادی بوو لە دەست دیار کردنی کاتێکی تایبەتی بۆ تەواوکردنـــی چیرۆکو دەبوایە هەموو ڕۆژێ چیرۆکێك بنوسێ ، بۆیە ماوەی نەبوو بە چیرۆکەکانیدا بچێتەوەو بیریان لێبکاتەوە . دەڵێ : « بە بیـرم نایە قەت بیستوچوار سەعات زیاتر بە چیرۆکێکەوە خەریك بووبم . » کە چیخەف پێگەیشتو بوو بە نووسەرێـکی ناودار ، مـاوەی نێـوان چەکەرەکردنی چەمکی بەرهەمی ئەدەبیو داڕشتنی یەکجاری زیـادی کرد . لە ١٦ی ئاداری ١٩٠١دا ، چیخەف نامەیەکی بۆ ئۆلگا کنیپەری هاوسەری نووسیوە ، دەڵێ : « ئێستا خەریکی نووسینی چیرۆکێکم بـە ناوی (قەشە) کە پازدە ساڵە بیرەکەی لە مێشکم دایە .» بیری چیرۆکەکە بۆ ساڵی ١٨٨٧ دەگەڕێتەوە . ئێستا دەستنووسی ناو دەفتەرەکانی چیخەف ماوەیەکی زۆریان پێدەچێ تابلاو دەبنەوە.ناوبەناو دوبارە دەیاننوسێتەوەو

وای لێ‌دێ گـرێ‌و ڕووداو و دارشتنەکەی بـە تەواوی لـە مێشـك دەچەسپێ ، چەندەها ساڵ پێ‌دەچێ ئینجا سەر هەڵدەدا •

دڵە کوتەی دەم‌نادەم :

چیخەف پاش ئـەوەی هەمـوو لایەنێکی بەرهەمەکـەی یـەکالا دەکردەوە ئینجا دادەنیشت دەینووسی • جارێکیان سکالای خۆی لای ( ئوسکۆلکی )ی بلاوکەرەوەی گۆڤارێکی گاڵتەکاری دەکرد ، دەیگوت: « سەر لەبەیانی دەستم بە چیرۆکەکە کرد ، بیرەکەی خراپ نەبوو • سەرەتاکەیم باش هێنا ؛ بەڵام گرفت لەوەدا بوو بە پچڕپچڕی نووسیم ؛ چونکە پاش لاپەڕەی یەکەم هاوسەری ئـا • دیمیتـرۆف بۆ ڕاچێتـەی دەرمـان هـات ، پـاش لاپەڕەی دووەم بروسـکەیەکی ( شێختیـل )م پێ گەیشت کە نەخۆشەو ناچار بـووم بچم چـارەسەری بـکەم ، پاش لاپەڕەی سێیەم فراوینیان هێنایە بەرم ••• هتد ، خۆت دەزانی نووسینی پچڕپچڕ • وەك دڵـەکوتـەی دەم نادەم وایە ••• » ئـەم بـەراوردە ، بەراوردێکی تەواو چیخەڤانەیە ؛ چونکە بەراوردی وا تەنیا بـۆ ئـەو کەسانە دێ کە دختۆرو نووسەر بن •

چیخەف ساڵ بە ساڵ زیاتر دەکەوتە لادانی تەگەرەکانی سەر ڕێی نووسینی • خوشکی دەگێڕێتەوە دەڵێ : « کاتێ کە ئەنتۆنی پاڤلۆڤـك خەریکی نووسینی بابەتێکی گرنگ دەبوو ، دەکەوتە سەر بارێکی تەواو جوداوە • هەستم دەکرد دەنگ‌و شێوەی گۆڕاوە ، هۆشی لە خـۆی نی‌یە • زۆر جار کە وەڵامی هەندێ پرسیاری دەدایەوە وەڵامەکانـی بێ‌سەروبەر بوون • بە کورتی : لەو کاتەدا هیچ ئاگای لە هەلس‌و کەوتی خۆی نەبوو • »



CS CamScanner

چیخەف بەیانی زوو لە خەو هەڵدەستا . فراوینی لە سەعات یەکی دوای نیوەڕۆ زیاتر دوا نەدەخست . بەشەو نەیدەنووسی . بە پێچەوانــەی دوستۆیفسکی کە شەو دەینوسی ، چیخەف بەیانی‌یان دەینووسی . لەگەڵ گزنگی بەیان‌دا دەستی بــە نووسـین دەکــردو هەڵبەت گــرێ‌کوێرەو خەیاڵو مەراق نەدەبوو بە هۆی سەرێشەو خەوزڕانو پەشۆکاوی .

( ڤالێنین بولگاکۆف )ی سکرتێری لیۆ تۆلستۆی گوتوویە : « لیۆ تۆلستۆی دەیــگوت نوسـەر دوو کەســە : داهێنــەرو ڕەخنــەگرە ، ڕەخنەگرەکە بەشەو دەخەوێ . » لای چیخەف هونەرمەندو ڕەخنەگر هەمیشە بێدار بوون . هەرگیز نووسینی خۆی بە دڵ نەبوو . پاش ئەوەی نووسینەکەی پاك دەکردەوە خۆی پێ‌نەدەگیرا دیسان پێ‌یدا دەچووەوە .

## دەستووری کورت‌کردنەوە :

چیخەف خۆی دانی پێداناوە دەڵێ : « نووسین لە سەرەتاوە بەری دوورە . کە دەست دەدەمە ڕۆمان‌نووسین ناوەندەکەی گرژ دەبێتەوەو کۆتایی‌یەکەی وەك کورتە چیرۆك دەڵێی تۆپترەقەیە دەتەقێتــەوە . » زۆر جار ، چیخەف کە دەیەویســت بەرهەمێــکی ئەدەبــی بنووســێ ، بەرهەمەکەی زۆر زۆر لە پلانەکە کورتتر دەردەچوو . بۆ نموونە وای دانا بوو کە ( پێدەشت ) تابلۆیەکی گەورەی لێ‌دەربچێ کەچی کورتی کردەوەو کردی بە وەسفی گەشتەکەی ( ییگۆر وشکا ) . داینا بــوو ( سێ ساڵ ) بکاتە ڕومان کەچی بــوو بە چیرۆك . لە کورتە ڕۆمانی ( جوتیارەکان )دا گەورەترین بەشی سڕی‌یەوە کە دەربارەی ژیانــی پاڵەوانەکە بوو . لە سەرەتای نووسینی تریلۆژی ( مرۆڤو هەڵوێست ، هێشوەترێ ، دەربارەی خۆشەویستی . ) وای دانا بوو سەرەتایەك بــێ

بۆ زنجیرە چیرۆکێکی درێژ کەچی هەر هێندەی لێ دەرچوو • تۆلستۆی لە کاتی چاپکردنی کتێبیش وازی نەدەهێنا ، بۆی زیاد دەکرد ، ئەگەر شتێ چاپ بکرابایەو دەستی پێ نەگەیشتبایە زیادەی بخاتە سەر ، داخی بۆ دەخوارد ؟ چونکە وای دەزانی هێشتا بە تەواوی نەبۆتە ئاوێنـــەی ڕوداوەکانی ژیـان • ئەنجـام ، پـرۆڤەی کتێبـەکانی وا زۆر دەبوو بڵاوکەرەوە بێزار دەبوو و ناچار سەر لە نوێ لێی دەدایەوە • کەچی چیخەف وا نەبـوو جارێـکیان بۆ خوشـکی نووسی بـوو : « سەرینـــە ڕیشوودارەکەم پێ گەیشتو هەموو ڕیشووەکانم لێ کردەوە • » چیخەف نووسینەکانی لە ڕستەو ووشەی ڕازاوەو زیادەو بێسوود پاك دەکردەوە• چیخەف لە ( ئامۆژگاری بـۆ نووسـەرە دەستپێـکەرەکان ) تێمـــان دەگەیەنێ کە کورتکردنەوە نووسین ناشێوێنێ : « لاستیکی لێك کشاوە لە هی لێك نەکشاوە باشتر نووسین ڕەش ناکاتـەوە • » برادەرکانـــی چیخـەف هەموو جـارێ لێی پەسـت دەبـوون و دەیانـــگوت دەبـــێ دەستنووسەکانی لە دەست دەربێنین نەوەك چیرۆکەکەی کورت دەکاتەوەو هەر هێندەی لێ دەهێڵێ : گەنج بوون ، حەزیان لێك کرد ، زەماوەندیان گێڕا ، بەختەوەر نەبوون • » چیخەفیش وەڵامـی دەدانەوە : « ئاخـر ، کاکلەکەی هەر هێندەیە • » کـە دوبارە کتێبێـکی چاپ دەکردەوە زۆر دەستکاری دەکردو لێی دەگۆڕی • وەك ڕەخنەگرێکی زیرەك گۆتەنـی بە پێچەوانەی نووسەرەکانی دی بوو کە ڕەشنووسەکانیان دەدەنە چاپ • چیخەف نووسیویە ، دەڵێ : « دەستنووسی نووسەرە بەرزەکان شێڕیوە ، زۆری ڕەش کراوەتەوە ،ڕاستو چەپـی لـێ دراوە ، لـە پەراوێـــز نووسراوەو ڕەش کراوەتەوە • بە کورتی نووسینیان تێکەڵو پێکەڵە •••»

هەڵبەت نووسەر نابێ شتی لاوازو بێهێز بنووسێ ، ڕوداو و بارو

دۆخی پاڵەوانەکانو داڕشتنی ئەدەبی بیرکردنەوەی زۆری دەوێ • چیخەف
کە شتێکی پاکنووس دەکرد ڕەشنووسەکانی دەفەوتاند ، خۆی نەبێ کەس
نازانێ چیرۆكو هەقایەتو شانۆگەرییەکانی چۆن نووسیوە • خـۆی
دەڵێ : « ئەمە نهێنیی کۆششەکانمە • » تەنیا هەندێ سەرنجی سەرەتاییو
ڕەشنووسی چیرۆکی ( بووك )ی ماوە ، ئەویش لەبەر ئەوە ماوە چونکە
مردن مۆڵەتی نەدا بوو بیانفەوتێنێ •

**کۆتایی زۆر زۆر دوورە :**

چیخەف نووسینەکانی ساردو سڕ نین ، بە پێچەوانەوە دینامیکیو
زیندوون • هەنـدێ هەقایەتـی نووسیوەو پاشـان گۆڕیویـەو دووبـارە
داڕشتۆتەوەو کردوویە بە شتێکیتر • بۆ نموونە چیرۆکێکی هەبـوو
بەناوی ( یەکەم خۆشەویستی ) دەربارەی گەنجێکی هەست ناسکە، هەست
بە دووفاقیو دڵڕەشی دەوروبەرەکەی دەکا • پـاش ماوەیـەك ئـەم
چیرۆکەی گۆڕیو سەر لە نوێ دایڕشتەوەو کردی بە چیرۆکێکیتر
بە ناوی ( ڤۆلودیا ) کە لەم چیرۆکەدا پاڵەوانەکە خۆی دەکوژێ •
نووسەر کە خەریکی تەواوکردنی – چیرۆکێکی بێزار – بوو ، بـە
هەستی زگماکی نوکتەبازی خۆیەوە دەڵێ :

« مسێو چیخـەف بێنـە بەرچاوت ، دەنووسێ ، ئارەقـە دەکا ؛
نووسینەکەی ڕاست دەکاتەوە • ئەو هەڵچوونە شۆڕشگێڕانەو ئـەو
ترسو تۆقانە دەبینی کە چیرۆکەکە دەیخاتە ژێـر پێنووسەکەی بایی
فلووسێك دادی نادا • من نانووسم ، دوودڵـی دەمـگرێ • تـۆش
لەگەڵمدای کە پیاو نابێ چیرۆك بەم شێوەیە بخاتە ژێر چاپ •••»
پوشکین – شاعیری هارمۆنیو سەرواسازی نووسیویە ، دەڵــێ

( ئەو ساتە هات کە پەرۆشی بووم - کاری چەند ساڵ خایەنم تەواو بوو ••• )

چیخەف قەت وەکو بوشکین دڵی بە (ساتی پەرۆشی) دانەدەکەوت. هەمیشە وای هەست دەکرد کە « کۆتایی هێشتا زۆر زۆر دوورەو لە هەمووی ناخۆشترو ئاڵۆزتر تەنیا سەرەتایە ••• »

---

## ئەرکی چاپی ئەم بەشە

ئەم بەشەی ( ئەدەبی بێگانان ) ، لەسەر ئەرکی کەسێ یان لایەنێکی تایبەتی چاپ نەبوە ، بەڵکو بە ئەرکی ئەم قوتابی‌یانە چاپ کراوە ، کە بەم جۆرە پارەکەیان داوە :

| | |
|---|---|
| سەباح حەمە ڕەشید | ١٠٠ دینار |
| قاسم محەمەد فەتاح | ١٠٠ دینار |
| شەمسەدین عومەر | ١٠٠ دینار |
| عەلی مەحموود جوکل | ٢٠٠ دینار |
| حاجی ئەحمەد | ٢٠٠ دینار |
| حسام بەرزنجی | ٢٠٠ دینار |
| عەزیز گەردی | ٣٠٠ دینار |



CamScanner

# هەنـدێ ووتەی بایەخداری بیانی (١)

**وەرگێڕانی : تاهیر دووشیوانی**

- جۆن ئادامز — سەرۆکی وولاتە یەکگرتوەکان — دەڵێ :

— باوك و باپیرانت لە یاد نەچێتەوە ، بیریش لە نەوەکانت بکەوە .

- جۆزیف ئەدیسۆن — ووتارنووس و دراماتیستی ئینگلیسی — دەڵێ :

— بەم جۆرە ، زیاتر وەکو چاوەدێرێکی خەڵك لە جیهاندا دەژیم تا یەکێ بم لەوان ، واتە خۆم کردبێتە ووردبینێکی میری ، سەربازێك ، هونەرمەندێك ، بەبێ ئەوەی بەشداری کاریگەری ژیان بکەم .

— یەك شەممە (هەینی) ژەنگی سەراپای حەفتە ڕادەماڵێ .

— ئافرەت تا جل وبەرگی بووکێنی نەکرێ بە دەگمەن داوای ئامۆژگاری لە خەڵك دەکات .

- ئیزۆپ — ئەفسانەنووسی گریکی — فەرموویەتی :

---

(١) Jonathan Hunt : Dictionary of Quotation The Hamlyn Publishing Group Limited, 1977.

– ووشیار بە ، لەوەڕی بەر سێبەر ، ئالیکت لە دەست نەدات .

– خوا یارمەتی ئەوان کەسان دەدا کە یارمەتی خۆیان دەدەن .

– باڵندە هەر تەنیا بە پەڕەمووچە جوان نابێ .

ئەلکوین – قەشەی ئینگلیسیو ڕاوێژکاری شارلمان – دەفەرمێ :

– دەنگی گەل دەنگی خودایە .

ئەلینڤال – درامانووسی فەڕەنگی – دەڵێ :

– شتی باش پێویستترە .

سانت ئەمبرۆز – قەشەی میلان – ئامۆژگاری قەشە ئۆگستین دەکا :

– کە لە ڕۆما بوو وەکو ڕۆماییان بکە : لەهەر شوێنێ بووی وەکو خەڵکی ئەو شوێنە بکە .

جۆن ئەنویل – درامانووسی فەڕەنگی – گوتوویەتی :

– ئامانجی هونەر ئەوەیە شێوەیەك بە ژیان بدا .

لە هەزارو یەكشەوەدا :

– کێ دەیەوێ لەمپای کۆن بە لەمپای نوێ بگۆڕێتەوەو هی نوێش بە هی کۆن ؟

ئەرشەمیدس – زانای گریکی – فەرموویەتی :

– جێگایەکی چەقێنم بدێ لە سەری بوەستم ، شەرتە زەمینت بۆ بهەژێنم .

ئەرەستۆ زاناو فەیلەسووفی گریکی – دەفەرمێ :

– ئەوەی کە دەبێ فێر بین بیکەین بە کردەوە فێری دەبین .

– ئەفلاتونم خۆش دەوێ ، بەڵام ڕاستیم لەویش خۆشتر دەوێ .

ئارمستڕۆنگ – ئاسمانگەڕی ئەمەریکی – ( کە یەکەم هەنگاوی نایە سەر ڕووی مانگ ) گوتی :

ـ ئەمە هەنگاوێکی گچکەی مرۆڤـە ، بـەڵام بازێـکی گەورەی مرۆڤایەتی یە •

- جۆرج ئارنۆلد ـ شاعیرو نووسەری ئەمەریکی ـ دەڵێ :

ـ زیندوو لە مردوان زیاتر پێویستیان بە چاکەیە •

- ماتیۆ ئارنۆلد ـ شاعیرو ڕەخنەگری ئینگلیسی ـ دەڵێ :

ـ شوانە ، برۆ وا لەسەر گرد بانگت دەکەن •

- سانت ئۆگستین ـ قەشەی هیپو ـ دەڵێ :

ـ دەمەوێ خۆت پاك بیو بە سەر ئارەزووەکانت دا زاڵ بی بەڵام ئیستاکە نا •

- جـەین ئۆسـتن ـ خانمـی ڕۆماننووسی ئینـگلیسی ( لـە زاری ـ ئیما ـ وە ) ـ دەڵێ :

ـ نیوەیەکی جیهان ناتوانێ لە کامەرانی نیوەکەی‌تر بگات •

ـ ( لە زمانی جۆن نایتلی ) : دەزانی پارە بە کارکردن پەیـدا دەبێ ، بەڵام هاوڕێتی نە •

- فرانسیس باکۆن ـ هونەرمەندی ئایرلاندی ـ گوتوویەتی :

ـ ئـەگەر کەیـفم بـە کارەکـەم نەیـەت ، چـۆن سـوودی لێ‌وەردەگرم ؟

- فنیس بارنەم ـ دایرێکتەری شانۆی ئەمەریکی ـ دەڵێ :

ـ هەر دەقیقەیەك کۆرپەیەك دێتە دونیاوە •

- سێر جەیمس باری ـ ڕۆماننووس‌و درامانـووسی سکۆتلانـدی ـ دەڵـێ :

ـ کە یەکەمین منداڵ بۆ جاری یەکەم پێـکەنی ، پێکەنینەکەی شکاو بوو بە هەزار پارچە ، هەموو پارچەکان هەڵقوزینەوەو بوون بە جنۆکە •

● بێرنارد باروج – زانای ئابووری ئەمەریکی – دەڵێ :

– من هەرگیز پیر نابم . پیری هەمیشە پازدە ساڵ لە دوامەوەیە.

● سامۆیل بێکێت – رۆمانووس و درامانووسی ئایرلاندی –

– ( لە زاری ئەستراگۆنەوە دەڵێ ) : هیچ شتێ روونادا ، کەس نایێ ، کەس ناڕوا ، ئای شتێکی چەند بە مەترسییە !!

– ( هەروەها لە گفتوگۆیەك دا ، هاتوە ) :

ئەستراگۆن : بابڕۆین .

ڤلادیمیر : ناتوانین .

ئەستراگۆن : بۆ ناتوانین ؟

ڤلادیمیر : ئاخر چاوەڕوانی گۆدۆ دەکەین .

● تۆماس بیکۆن – پیاوی ئاینی ئینگلیسی – دەڵێ :

– کە مەی هەڵقوڕا ، ژیری هەڵدەچوڕێ .

● جۆرج سافیلێ دەڵێ :

– عاشق بە بێ کردەوەی شێتانە عاشق نییە .

● ولیام هازلیت – ووتارنووسی ئینگلیسی – دەڵێ :

– هیچ گەنجێ باوەڕ ناکا کە دەبێ هەر بمرێ .

– باشە ، خۆ ژیانێکی کامەرانیم بردە سەر .

● جۆن کێنیدی – سەرۆکی وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا – گوتوویەتی :

– ئەمەریکایی هاوڕێم ، مەپرسە : نیشتمانەکەم چیم بۆ دەکا ؟ بپرسە : چ بۆ نیشتمانەکەم بکەم ؟

– لە کۆمەڵی ئازادا هونەر چەك نییەو هونەرمەندیش ئەندازیاری گیانی نییە .

★ ★ ★

نرخی ( ٤٠٠ ) فلسە

ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانی بەغدا ١٤٩١ لە ساڵی ١٩٨٢

چاپخانەی ..الحوادث..

بەغدا ــ ١٩٨٢